# لۆرکا
# شاعیری نەمری ئیسپانیا

ژیان و ناساندنی هونەرەکەی و هەڵبژاردەیەک

لە هەڵبەستەکانی

# لۆركا
# شاعیری نەمری ئیسپانیا

## ژیان و ناساندنی هونەرەکەی و هەڵبژاردەیەک
## لە هەڵبەستەکانی


عەبدولڕەزاق بیمار

کردوویە بە کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

لۆرکا شاعیری نەمری ئیسپانیا
وەرگێڕانی: عەبدولڕەزاق بیمار
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٥٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٢٦ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-488-22-2

## رۆڵەی گەل و جوانەمەرگی ئازادی

لۆرکای بلیمەت هەر لە سەرەتای پێگەیشتنییەوە بەهرەدار بوو لە مۆزیک (ژەنین و گۆرانی گوتن)، وێنەکێشان (بە کاریکاتێرەوە)، شانۆ (بە شانۆی نووسین و نواندن و ڕێکخستن و دەرهێنانەوە)، کۆکردنەوەی چیرۆک و گۆرانی و بەیت و بالۆرە و وشە و گوزارەی رەسەن و کەونارای سەر زاری خەڵکی گوندنشین، چوونە ناو قەرەجان و وردبوونەوە لە کردار و گۆرانی و هەڵسوکەوتیان، گەڕانەوە بۆ کەلەپووری کۆنی ئیسپانیا و کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی، سەرباری خۆڕۆشنبیرکردن بە زادەی ئەدەبی نوێی ئیسپانیا و ئینگلیز و فرەنسا و تاقیکردنەوەی رەوتە تازەکانی هونەری وەکو رۆمانتیک و سوریالیزم، هاوڕێیەتیی شاعیر و هونەرمەندە ناودارەکانی ئیسپانیا، خۆشەویست لای گەلی بینەر و گوێگر و خوێنەرانی بەرهەمەکانی.

ئەم بلیمەتە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا بە دەستی دوژمنانی دیموکراتی و ئازادی ـ کودەتاچییانی فاشی، کوژرا. ئەم شاعیرە هەڵکەوتە تا بڵێی گەلپەروەر و ئازادیخواز و لایەنگری رەوتی دیموکراتی و سۆشیالیزم بوو.

لە کاتێکدا جەنەراڵ فرانکۆ لە وڵاتی مەغریبەوە «کە ئەودەم ژێردەستی ئیسپانیا بوو» بەخۆ و لەشکرەوە یاخیبوونی ڕاگەیاند و بە زەبری چەک و یاریدەی نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیستانی ئیتاڵیا و بێدەنگیی دەوڵەتانی وەکو بەریتانیا و فرەنسا شار بەشاری بە شەڕ گرت و چەنگی کاولکاری و خوێنڕێژی لە لاشەی کۆماری دیموکراتی چەقاند. هەرچەندە لە ئەوروپا و وڵاتانەوە نووسەران و هونەرمەندان و لاوانی خۆبەخش بە هانای ئیسپانیاوە

هاتن تا بەر لە لافاوی فاشیستان بگرن، وە لە شەڕەکانی بەرگریدا بەشدار بوون بەڵام تا باری سەربازی و چەکداریی یاخیبووان لەسەرەوە بوو.. توانییان دەست بەسەر وڵاتدا بگرن.. نموونەیەکی تاوانی دڕندانەیان کوشتنی فیدیریکو گارتیا لۆرکا بوو.

بۆ زیاتر ناسینی کەسایەتی و بیروباوەڕی لۆرکا بە چاکم زانی بەشێک لە وتارێکی کۆواری (الأقلام) بهێنم لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.*

ع . ب

***

کۆوارەکە نووسیویە:

لە دیدەنییەکی ١ی حوزەیرانی ١٩٣٦دا پرسیار لە لۆرکا کرا:

ئایا بەرامبەر دەستگرتنی فردینان و ئیزابیل بەسەر غەرناتەدا ساڵی ١٤٩٢ و دوا پێ هێنانی دەوڵەتی عەرەبی لەوێ ئایا ڕای چۆنە؟

لە وەڵامدا گوتی: «ئەمە کاتێکی مەرگەساتانە بوو، ئەگەرچی لە قوتابخانە بە پێچەوانە فێریان کردووین، بەڵام شارستانەتییەکی ڕەنگین، هەڵبەست، زانستی گەردوونناسی، ئەندازەی بیناسازی و بیرتیژییەکی تاک لە دنیادا لەناوچوو، لە جێ ئەو شارێکی هەژاری شێواو جێ ما. کە ئەمڕۆ بە هەڵپەوە بەدترین برجوازییەت ئیسپانیا ناسیبێتی کەوتووەتە جووڵە. من لە سەداسەد ئیسپانیم، بەڵام هەر ئەوەنا مرۆڤ ئیسپانیایی بێ و هیچی تر نا. من برای گشتم، ڕقم لەو کەسەیە چاوبەستراوانە وڵاتی خۆی خۆش دەوێ.. (چینی)یەکی پیاوچاک لای من لە بەدکارێک نزیکترە».

هەر لەم دیدەنییەدا ڕۆژنامەنووس لەبارەی بابەتی (هونەر بۆ هونەر)ەوە

* کۆواری الأقلام ـ بغداد، ژمارە (٤)ی سێی مانگی ٢٠١١، وتارێک بەناوی کوشتنی گیتاری ئیسپانیا، لۆرکا شاعیری ئازادی و مردن. نووسینی د. شاکر الحاج مخلف. ل ١٧٣ ـ ١٩٢.

لێی دەپرسێ: «تۆ لە کاری هونەریدا چ ئامانجێک بەرجەستە دەکەیت؟ ئایا باوەڕت بەو قسە هەیە کە هەندێک دەڵێن هونەر دەبێ بۆ هونەر بێت: یان بە پێچەوانەوە باوەڕت وایە دەبێ هونەر لە خزمەتی گەلدا بێت؟». لۆرکای شاعیری گەورە گوتی: «مەبەستی هونەر بۆ هونەر ئەگەر زۆردانەدەم و پێ لێ هەڵبڕینیش نەبێت ڕەق و دژوارە. هەر کەسێک بەڕاستی مرۆڤ بێت باوەڕ بەو پڕوپووچانە ناکات کە ناونراوە هونەرێکی پاک و پەتی یان هونەر بۆ هونەر! هونەرمەند لەم ڕۆژە پڕ لە تەنگوچەڵەمانەی دنیای پێدا تێ دەپەڕێ پێویستە لەگەڵ گەلی خۆت پێ بکەنی و بگریت. دەبێ دەستبەرداری دەسکە (چەپکە) گوڵە زەمەق بین و تا ناوقەد بچینە ناو قوڕاو بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لە زەمەق دەگەڕێن، بەلای منەوە بەتایبەتی هەست بە پەژارەیەکی ڕاستەقینە دەکەم بۆ ئەوەی پێوەندی بە خەڵکەوە بکەم، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لە دەرکەی شانۆم دا، هەر بۆ ئەمەش هەموو بەهرەی خۆم تەرخان دەکەم».

لە چەند مانگی پێش یاخیبوونە سەربازییەکەی فاشیستەکان و ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری دیموکراتی لۆرکا لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشکرا و پەنامەکی و خۆپێشاندان بەشداریی دەکرد، چەندین هەڵبەستی دەخوێندەوە کە بە لووتکەی ئەدەبی بەرهەڵستی دەژمێردرێن. یەک لەوانە وتارێکی ناواخن بە هەڵبەستی سیاسی لە ئاهەنگی ڕێزلێنانی ڕافائیل ئەلبەرتیی شاعیری هاوڕێی لە ٩ی شوباتی ١٩٣٦دا، هەر لەو کۆڕەدا بەیاننامەی یەکەتیی نووسەرانی دژ بە دەسەڵاتی فاشیستەکان خوێندەوە. هەڵوێستی دژ بە فاشیستانی هەر لە پەرەسەندندا بوو.. بە تایبەتی لە یەکی ئایاردا نامەیەکی لە ڕۆژنامەی کرێکاران بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: بە گەرمی سڵاو لە هەموو ڕەنجبەرانی ئیسپانیا دەکەم کە لەم یەکی ئایارەدا یەکیان گرتووە، خواستی کڵپەسەندووی هێنانەدیی کۆمەڵێکی دادپەروەر نمایش دەکا.

دوای ئەمەش بەیاننامەیەکی تری دژ بە پەلاماری فاشیستەکان مۆر کرد و لە ئاهەنگی ڕێزلێنانی سێ نووسەری بەناوبانگی فەرەنسادا کە بۆ پێشاندانی هاوکاری لەگەڵ گەلی ئیسپانیا هاتبوون خوێندییەوە؛ ئەوانیش ئەندرێ مالرۆ، جان کاسۆ، لونورمان بوون و نوێنەری (بەرەی میللی) فرەنسا بوون.

بەڵام لەگەڵ ئەو بەربەرەکانی و بەرهەڵستییەی دژ بە فاشیستەکان لۆرکا سەر بە پارتێکی سیاسی یان ڕەوتێکی سیاسی کاری نەدەکرد. بەڵکو نوێنەرایەتیی گەل و ئاواتی دژ بە هێرشی فاشیستەکان دەکرد. هەروەکو ئەلۆنزۆی رەخنەگر و شاعیری ئیسپانیایی گوتوویەتی: لۆرکا لە تەمووزی ساڵی ١٩٣٦دا گوتی: «ڕۆژێک لە ڕۆژان نابمە سیاسەتمەدار.. من شۆڕشگێڕم، هیچ کەس نابێتە شاعیرێکی ڕاستەقینەی ڕێز لە بەرهەمی خۆگرتوو ئەگەر شۆڕشگێڕ نەبێت».

لە دیدەنییەکی ڕۆژنامەی (لافوز)دا کە لە مەدرید دەردەچوو بایەخی بە بەرهەمی ئەدەبیی نوێ داوە و گوتوویە: «ئەو ڕۆژەی برسییەتی لە دنیا نامێنێ، هەڵقووڵینی گەورەی روحیانەت روو دەدات کە پێشتر مرۆڤایەتی پێی زانیوە. لە تواناندا نییە خەڵک ئەو خۆشییە بهێننە بەرچاو کە ڕۆژی شۆڕشی گەورە هەڵدەقووڵێ.. ئایا ئەمە دروست نییە کە من بەو ناوە قسەتان لەگەڵ دەکەم کە سۆشیالستێکی پەتیم؟»

***

پاش کودەتاکەی جەنەراڵ فرانکۆ و کەوتنی غەرناتە بە دەستی فاشیستەکان، لۆرکا بڕیارێکی نادروستی دا کەوا باشە بچێتە غەرناتە و لەوێ ناسیاوانی دەیپارێزن، بەتایبەتی کە مەدرید شەڕی ناوخۆی تێدا هەڵگیرسا و سەرکەوتنی هێزی فاشیستی تێدا مسۆگەر بوو. خۆی تا بڵێی دوودڵ بوو، دەیزانی دەستە و هێزەکانی فاشیستی بە دوایدا دەگەڕێن. ڕۆژێک لەگەڵ (نادال)ی شاعیری هاوڕێی ئێوارە چوونە وێستگەی

شـەمـەندەفـەر. نادال دەڵێ کـە لە ڕاڕەوی وێسـتگەدا پیـاوێک تێـپـەڕی.. یەکـسـەر... زوو لۆرکـا پشـتی تـێ کـرد و هەردوو دەسـتی درێژ کـرد و پەنجـەکانی نوشتـاندەوە تەنیـا پەنجـەی بچـووک و کـەڵەپەنجـەی نەبێ و بە هەڵچوونەوە دەیگوت: ئای لەو (خـەمـەگرِوو)ە* ئەمـەش لای ئیسـپـانییـەکان گیـانلەبەرێکی شـوومـە و ئـەوەی ببـینـێ خـراپـەی دێتـە ڕێ. ئەم کـابرایەش نوێنەری پێشـووی غەرناتە (ڕامون ڕویز ئەلونسۆ) بوو کە لە هەڵبژاردنی دوا جاری ئایاری ١٩٣٦دا سەرنەکەوت و چەپەکان سـەرکـەوتن ئێجگار هەستی قووڵی دوژمنایـەتی لە دڵی ئەم فـاشـیسـتـەدا ڕۆ چووبـوو، دیارە لۆرکاش لەم بازنەیەدا بوو.

فاشیستەکان دەیانزانی لۆرکا بۆ ئەوان چەند مایەی مەترسییە، جا چوون دەسـتگیـریان کـرد، هەر ئەو ڕامـون ڕویز ئـەلونسـۆیە لـە مـاڵی بنەمـاڵەی ڕوزالیس دەری هێنا، هەرچەندە ئەم بنەماڵەیە دۆستی لۆرکاش بوون و سەر بە ئۆردووی فـاشـیسـتی بوون هەوڵێکیـان نەدا بەڵێنـی خۆیان بەجێ بهـێنن داڵدەی بدەن یان دوای گرتن لە مردن ڕزگاری بکەن.

دەسـتـەیەک لـە پاسـەوانی شـارسـتـانی بەدەسـتی بە کـەلـەبچـە و چاوی بەستراوەوە بە پێشـە خۆیان دا، سـەرۆکەکەیان دەیگوت: ئای ئەو شـاعیر و نووسـەر و فەیلەسووفـانە بە مۆدەی سـەیر و لیبـرالیـەتیـانەوە چەند ئازاریان داوین.. دەی با بەرەو (بنکە) بەڕێ کـەوین تاکو هەمـوو شتێک چارە دەکرێت ئەوسا فیدیریکو تۆش لە بولبول چاکتر دەخوێنی!

دوای ئەوەی لـە ١٩ی ئابـی سـاڵی ١٩٣٦ کـوژرا.. زۆرێک لە نـووسـەر و بیرمـەندانی دەوڵەتان داوایان لە حکوومـەتی ئیسپانیا کرد کە چارەنووسی لۆرکـایان بـۆ ئاشکرا بکات. یەکـێک لەوانە (بۆ نمـوونە) نووسـەری گـەورەی ئینگلیـز (هـ. ج. وێلز) بوو. لـە هەمـوو لایەکـیـشـەوە دەنگی نـاڕەزایی و

* خەمەگرِوو: قمقمۆک، جۆرە مارمیلکەیەکی گەورەیە.

خەمخواری بەرز بووەوە، گەلێک لێژنەی دژ بە فاشی پێک هات و دەیانگوت: کێ دەتوانێ نووسەری (زەماوەندی خوێن) و شاکارەکان بکوژێ؟!

نووسەر و شاعیرێکی زۆر دوای کۆچی دوایی لۆرکا لەبارەیانەوە نووسی، لەوانە بەرزترینیان نازم حیکمەت بوو کە لۆرکای بەوە ناودێر کرد کە ئەستێرەی رۆژهەڵاتە لە شەوی غەرناتەدا. بابلو نیرۆدای شاعیری مەزنی شیلی گوتی: لۆرکا بلیچانی جەستەداری برووسکەیەک بوو، بوونی ئەو جادوویەکی زێڕین بوو بەختیاری لێ سەرڕێژ دەبوو. شاعیری گەورەی عێراق حەسەب شێخ جەعفەر دەڵێ: هیچ شاعیرێک نازانم وەکو لۆرکا لەسەر کوشتن، خوێن و مردنی نووسیبێ. رافائیل ئەلبەرتی نووسیویە: کاتێک قسەی دەکرد یان شیعری دەخوێندەوە یان دیمەنێکی شانۆیی سەرپێییانە نمایش دەکرد یان گۆرانیی دەگوت یان پیانۆی لێ دەدا ناسکی و دڵڕاکێشی لێ هەڵدەقوولا و گوێگرانی دەخستە ناو کەشێکی جادوویی دڵگیرەوە. رامسۆ ئەلونسۆی هاوڕێی دەڵێ: لۆرکا هات هەر دەبوو بێت.. پێویست بوو ڕاستەقینەیەک لە ڕاستەقینەکانی بوونی هەتا هەتاییمان بێنێتە دی، ئەمەش ئیسپانیا جارێکی تر گوزارشت لە خودی خۆی بکات. نووسەری ئەمەریکایی بنەچە کوبایی نیلوکروت دەڵێ: لام وایە لۆرکا گیانێکی کڵپەدارە بەردەوام ژیان تێیدا نوێ دەبێتەوە، خۆ ئەو وەکو خەڵکانی تر لە خاک نەنێژراوە. بدور سالیناس گوتوویە جەژن و شادمانی بوو رۆشناییەک بوو دەبوو ئێمە گشتمان دوای کەوین. ماشادۆ دەڵێ: لە هەڵبەستە قووڵەکانیدا سەیروسەمەر و شتە رەنگینەکانی ژیانی دەچڕی، لەبارەی خۆشەویستی و چێژ وەرگرتنەوە گۆرانیی دەگوت، کەچی نهێنیی ئەو هەڵبەستانەی هەر لەناو سنگیدا مات درابوو. ئییان جیبسون پسپۆڕ لە ئەدەبی لۆرکا و سەرپەرشتی بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکانی و ژیاننامە نووسی لۆرکا دەڵێ: کە چوومە لای خەڵک لەبارەی لۆرکاوە قسە بکەین سەیرم کرد هەموویان وایان دەزانی کە من لەبارەی مردنی ئەو پیاوەوە

دەنووسم، ئەم کارەش لە سەردەمی (فرانکۆ)دا قەدەغە بوو، بەڵام کە زانییان من بیانیم و ئیسپانیایی نیم گەلێ باسی وەهایان بۆ ئاشکرا کردم کە دەترسان بە هەر ئیسپانیاییەکی بڵێن. نیو سەدە زیاتر بەسەر کوشتنی گیتاری ئیسپانیا تێپەڕیوە، لەو وەختەوە کە لە غەرناتە لە گۆڕێکی کەس نەزان نێژرا و بەرهەمەکانی سووتێنران نووسەر و شاعیران لە دنیادا یادی دەکەنەوە و هێزەکانی ستەم و فاشیستیش خەریکی راوکردنی ئەو سەرانەن کە پڕن لە وشەی بە هاوار لە پێناو نیشتمان و ئازادیدا. لە عێراقیش سەییاب و بەیاتی و سەعدی یوسف هەڵبەستیان لەبارە نووسیوە.

## لۆركا و جیهانی شیعری لۆركا

ج. ل. جیلی

هیچ كام له شاعیرانی هاودەمی ئیسپانیا ئەو ناوبانگه جیهانییەی لۆركای پێ نەبڕاوە، كەوا به تەرجەمەكردنی بەرهەمەكانی لەپێش شەڕی دووەمی جیهانیدا بوو به نووسەر و شاعیرێكی ناسراو به تایبەتی له بەریتانیا و هەردوو ئەمەریكای ژووروو و ژێروودا، ئەوەی زووتر ناوبانگی بڵاو كردەوە مەرگەساتی پڕ له خەم و جەرگبڕیی كوژرانی بوو به لاوی له كاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا. ساڵانی دواتریش ئەوەیان چەسپاند كه ڕێز و پایەی بەربڵاوی هەر ئەنجامی هەست و هاوسۆزیی خەڵک نەبووە، بەڵكو تا هات نرخی لۆركا بەرز بووەوە، دەتوانین بڵێین هەڵبەستی لۆركا چاكترین نموونەی هەڵبەستی هەموو ئیسپانیایە. جا ئەم چەپكە هەڵبژاردەیە و وتارەكەی لەبارەی (گیانی داهێنەر) گرینگترین رووە گەشەكانی هەڵبەستی لۆركان.

فیدیریكۆ گاریتا لۆركا له (فونیتا فاكیروس) له دەشتی غەرناتە له پێنجی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٨دا هاتووەتە دنیاوە و له تەمووزی ساڵی ١٩٣٦دا بەدەستی دەستە چەتەیەكی نەناسراو لە یەكەم رۆژانی شەڕی ناوخۆدا كوژرا. وا دەزانرێ له (فیڤنار) لەسەر گردە نزیكەكانی شاری غەرناتە كوژرابێت، بەڵام لاشەكەی هەروەكو خۆی پێشبینیی كردبوو نەدۆزرایەوە:

زانیم من كوژراوم.
چایخانەكان، گۆڕستانەكان، كڵێسەكان گەڕان
بەرمیل و كۆگاكانیان هەڵدایەوە،

سێ ئێسکبەندیان دزی تا ددانی زێڕیان
لێ دەربێنن،
منیان هەر نەدۆزییەوە!
ئایا منیان نەدۆزییەوە؟
بەڵێ منیان نەدۆزییەوە!

لە دیدەنییەک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا جارێک گوتی:

«باوکم باخدارێکی دەوڵەمەند و سوارچاکێکی بە دەستوبرد بوو، دایکیشم کچی خێزانێکی خانەدان بوو.»

لۆرکا کوڕی گەورەی خێزانێک بوو کە لە دوو برا و دوو خوشک پێک هاتبوو، ساڵانی منداڵیی لە کێڵگەی خۆیانی بەسەر برد، بەهۆی نەخۆشییەکی ترسناکەوە کە لە ئەنجامی زایین تووشی بوو تا تەمەنی گەیشتە چوار ساڵان نەیتوانی بەسەر پێیان بکەوێ، کە گەورەش بوو کەمە لەنجەیەکی شەلی دەکرد، بەڵام لە گەنجیدا هەستی پێ نەدەکرا.. ئەم ناتەواوی خۆڕسکییەی هەروەکو (ر. م. نادال)ی هاوڕێی دەڵێ کارێکی ئاشکرای کردە سەر شێوەی گشتیی کەسایەتی (بەڵام بە هیچ جۆرێک نەیکرد رووخۆشیی سروشتکردی لێ بشێوێنێ.) ئەوە بوو نەیدەتوانی لەگەڵ منداڵاندا بەشداریی گەمەکانیان بێت، ئەمەش وای کرد هێزی خەیاڵکردن و هەستەکانی پێ بگەن، بۆیە بە دروستکردنی جیهانێکی تایبەت بەخۆی کە پێک هاتبوو لە شانۆ و شانۆی بووکەڵە و بەزمەسات گوزارشتی لە خۆی دەکرد. بە بووکەڵەکانیشی وێنەی نۆکەرە پیرەکانی ماڵەوە و برا و خوشکانی پێشان دەدا. بەم جۆرە بازنەی خێزانەکەی لە دەوری خۆیدا دەنەخشاند. هەر هێندە کەمە پارەیەکی پێ پاشەکەوت کرا چوو لە غەرناتە شانۆیەکی بووکەڵە بابەتی کڕی. فیدیریکۆ پەکی خۆی لەسەر ئەوە نەخست کە دەقی شانۆییی چاپکراوی لەگەڵ نەبوو، کەوتە نووسینی دەقی شانۆییی تایبەتی خۆی. جا لەو کاتەوە حەزی لە شانۆ پەرەی سەند، تا لە دواییدا

بووە بەشێکی گرینگی خەرمانی نووسینەکانی.

لە ساڵانی ساوایيدا شتێکی سەرسوڕمێنی لە ژیانی ژیریدا دیار نییە، دایکی کە سەردەمێک مامۆستا بوو فێری ئەلفوبێی کرد. ژیانیش لە باخی خێزانەکەیدا ئارام و هێمن بوو، بە تەواوی لەگەڵ تانوپۆی لادێ و ژیانی دێهاتی بە نەریتەکانی ئەندەلووس دەوڵەمەند و تێکەڵ بوو، هەتا بەر لەوەی فێرە قسە بێت لێوی بە چەندین ئاوازی باوی ئەو دەمە دەلەراندەوە، لە نۆکەرە پیرەکانیش چەندین بەند و بەیت و گۆرانیی میللی فێر بوو. کە ئەمانە لە هەڵبەستەکانی دوارۆژیدا رەنگیان ڕشتووە، هەروەکو هەموو شتێکی دەوروبەری (وەکو خۆی باسی کردووە) راهێنەری ئەزموونی شاعیرانەی بوویێت.. ئەم بالۆرەیەی زۆر لا خۆش بوو:

یەکەم.. یەکەم.. یەکەم
بالۆرەی ئەو کەسەی
ئەسپی خۆی بردە سەر
ئاو و هاتەوە ئاوی نەدا.

کە لە شانۆیی (زەماوەندی خوێن)دا بالۆرەیەکی لێ وەدەست هێنا. کاتێک وەختی ئەوە هات فیدیریکۆ بچێتە بەر خوێندن خێزانەکە هەمووی گواستیانەوە شاری غەرناتە، لەوێش وەکو قوتابیانی هاوئاستی کۆمەڵایەتیی خۆی لە خوێندنی ئاسایی هەڵچوو تا گەیشتە تەمەنی زانکۆ.. ئەوە بوو چووە زانکۆی غەرناتە بەڵام خوێندنی تەواو نەکرد، پاشان چووە زانکۆی مەدرید لەوێش خوێندنی هەر تەواو نەکرد.. چونکە هەردەم حەزی لە خوێندنی ئەکادیمییانە نەدەکرد و ئارەزووی لە دەرەوەی سەکۆی زانکۆ دەخولایەوە.

چێژی خۆشی لە قاوەخانەکان و قسەوباسی برادەران و گەڕان بە ناو دێهاتی غەرناتە یان باخچەکانی نزیکدا، هەروەها لە داوونەریتەکانی بنیاتی ئەندەلووسی کۆن و شارەزابوونی لە ژیانی قەرەجاندا دەدیت. پاشان پیانۆ

ژەنین و دوایی گیتار فێر بوو بەڵام پاش ماوەیەک وازی لێ هێنان.

بوو بە دۆستی (مانوێل دی ڤالا) کەوا بوو بە هاوکار و ڕێ نیشاندەر و دەست لەپشتدەری و هانی دا کەلەپووری گۆرانییە میللییەکان کۆ بکاتەوە و مۆسیقاکەیان بنووسێ.

جگە لە کتێبەکانی قوتابخانەش بەرهەمە کلاسیکییە وەرگێڕاوەکانی دەخوێندەوە، بەتایبەتی شانۆنامەی یۆنان و شەکسپیر و ئیبسەن و ڤیکتۆر هۆگۆ و ماتیرلینگ و نموونە کلاسیکییەکانی ئەدەبی ئیسپانی و بەرهەمی نووسەرانی سەر بە ئەوانەی ناو دەنران (نەوەی ٩٨)ی وەکو ماخادۆ، ئونامونۆ و ئەتورین و شاعیرە ڕۆمانتیکییەکانی ئیسپان و هاوچەرخانی هەر لە ڕۆبن داریۆوە هەتا خوان رامون خیمینیت.

زۆربەی هاوڕێیانی لە غەرناتە نیگارکێش و پەیکەرساز و مۆسیقاکار و شاعیر بوون. لەگەڵ (دی ڤالا) میهرەجانی (کانتی خواندۆ) واتا گۆرانییە قووڵەکانی باشووری ئیسپانیای ڕێک خست.. هەر لەم کاتەدا زیاتر پێوەندیی بە دنیای قەرەجانەوە (بە گۆرانیبێژ و سەماکارانیانەوە) کرد. خ. ب. تربەند نووسیویەتی:

«ڕووناکبیرانی ئیسپانیا لەو دەمەدا زۆر بایەخیان بە (کانتی خواندۆ) دەدا بەو پێیە کە بە دوا ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەنی نیوە دوورگەکەدا دەگەڕان، بێگومان لۆرکاش هەر لەبەر ئەم هۆیە لەگەڵ ئەم دەستەیە پێوەندیی توندوتۆڵ بوو.»

لۆرکا کە لە غەرناتە بوو یەکەمین کتێبی پەخشانی بە ناوی (یادگیری و دیمەنان) ساڵی ١٩١٨ چاپ کرد کە بەرهەمی چەند گەشتێک بوو لەگەڵ کۆمەڵێک دەستەبرا بە سەرپەرشتیی مامۆستای ئەدەبیاتی زانکۆی غەرناتە لە ئیسپانیادا کردبووی. ئەم زنجیرە وتارانە پێشوەخت کەسایەتیی شاعیر ڕوون دەکەنەوە و سەردەمی مێرمنداڵی دوا پێ دەهێنن.

ساڵی دواتر چوو بۆ مەدرید بەو ناوە خوێندن تەواو بکات، بەڵام هەست و

سـۆزی زیاتر ئەکـادیمیـیـانە نەبوو، بەخت یاریکاری بوو و چووە (یانەی خـوێندکـاران) ئەمـەش دەزگـایەکی کردەوە سـەربەسـتـانە بوو، کـۆمـەڵێک شـاعـیـری بەهـرەداری تێ دەهات وەکـو ئەنتـونیـو مـاخـادۆ، خـوان رامـون خیـمنت، خ مـورینو ڤـێلا، بیـدرۆ سـالینـاس، روفـاییل ئـەلبـەرتی و خـۆرخی جـیلـین. سـەرۆکی دەزگـاکـەش بووە دۆسـتـێکی خـۆشـەویسـتـی لۆرکـا، یارمـەتیـیـەکی باشـی دا بۆ پێگەیشـتـنی کـەسـایەتی و بەدەرخـسـتـنی بەهرەکانی. ئیدی لەوێ چەندین شـانۆیی پێشکێش کرد، ئاوازی بۆ پیانۆ دانا، بەرەنگە ڕۆن و پێنووس نیگاری نەخشـاند، گۆرانیی میللیی تۆمـار کرد و هەڵبەستی خوێندەوە.

لەم کەشـە گونجـاوەدا پێوەندیی بە ڕووناکبیرە دیارەکانی وەکو ئـونامونو، ئۆرتیگا و گاسیت توندوتۆڵ بوو کە سـەردانی یانەکەیان دەکـرد. هەروەها رایەڵی پێوەندیشـی لەگەڵ پێشـڕەوانی فیکریی ناسـراوانی جیهانیی وەکو: برەگسون، ڤالێری، کلۆدێل، ئەراگۆن، چیسترتون، کینیز و هـ. ج. وێلز و هی تر دامـەزراند. چەند سـاڵێک لەوێ مـایەوە بێ ئەوەی خـوێندنەکـەی تەواو بکات.. بەڵام سەرومڕ دەینووسی و هەڵبەستی خۆی پوختە دەکرد بە تەواوی هۆشیار و بە تەنگ نازناوی شاعیریی خۆی بوو.

پاش یـەکـەم شــەڕی جـیــهـان هـەندێک فـێـرگـەی ئەدەبی و بزووتنەوەی شـۆڕشگێڕی وەکو (دواڕۆژبینی) و (دادایی) توانییـان جێ پەنجەیان لەسـەر بەرهـەمـی گـەلێک لە هـاوچەرخـانی لۆرکـا لە مـەدرید بسـەپێنن بەڵام لەسـەر لۆرکا کـەمتر، چونکە ئەو بە سروشتیی خـۆی حەزی لە رەمـز نەبوو... هەروا مـایەوە هەتا دۆستـایەتیی لەگەڵ سلڤادور دالیی پێشـەوای گەورەی سریالی گەرم بوو کە ئەویش ماوەیەکی کەم لە یانەی خوێندکاران بوو، ئەوسا هەندێ بایەخی بەتاوی بەشەپۆلە هاوچەرخەکان دا. لێ توانی هەمـوو کارتێکردنێک چ کــۆن و چ تازە هەزم بکات و زۆرتر بەبێ ئاگــایـیی خــۆیشـی ملکەچی شاعیرییەتیی تایبەتی خۆیان بکات.

بۆیە وشـەیەک یـان رسـتـەیەک کـە دەکـەوێتـە بەرگـوێی بەبێ ئاگـا لە هەڵبـەسـتـێکیـدا دووبارە دەبنـەوە. هەروەکـو ئەوە فـرانسـیـسکۆی برای دەگێڕێتەوە: «لە گەشتێکدا لە سیرانیڤادا، قەتارچییەکەمان لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەگوت:

بردم بۆ دەم رووبار

وام زانی کچە

کەچی مێرددار بوو

پاش مـاوەیەک هەرسـێ دێری لە هـەڵبـەسـتی (ژنە ناپاکـەکـە) دووبارە کردەوە، کە پێم گوت ئەمە گۆرانیی کابرایە، بڕوای نەکرد و تەواو لای وا بوو من هەڵەم.»

یەکەم دیوانە هەڵبەستی بەناوی (کتێبی هەڵبەستان) ساڵی ١٩٢١ چاپ کـرد، بەبێ ئەوەی (جگە لـە دەسـتـە و دایەرەی خـۆی) چ بایەخـێکی خـەڵکی فـەراهـەم کـردبێت. سـاڵی ١٩٢٧ دیوانی دووەمی بە ناوی (گـۆرانـی) بڵاو کـردەوە و توانی بەهـۆی کـەسـایەتیی بەهێـزییـەوە بەر لـەوەی بەرهـەمـە گرینگەکانی بڵاو ببێتـەوە کار لە شاعیـرانی تر بکات. لە راسـتـیدا زیاتر حەزی لەوە دەکرد هەڵبەستەکانی خۆی بخوێنێتەوە چونکە لەو بڕوایەدا بوو هەروەکو لە وتاری (گیانی داهێنەر)دا باسی کردووە:

«هەڵبەست پێویستی بە راگوێزێک، بە بوونێکی زیندووە»

روفائیل ئەلبەرتی نووسیویە: «لۆرکا بارگەی ناسکی کارەبایی و دڵکێشی لێ هەڵدەقووڵا، گوێگرانی دەخستە ژێر ئاسمانێکی دڵڕفێنی جادووەوە. کە قـسـەی دەکـرد، یان هـەڵبـەسـتی دەخـوێندەوە، یان دیمەنێکی شـانۆیی پێـشکێش دەکـرد، یان گـۆرانیی دەگـوت، یان پیـانـۆی لێ دەدا بە جـارێک مەست و بەیدەستی دەکردن.»

سـاڵی ١٩٢٠ بەندێکی لە شـانۆییـیـەکی نۆنەخـشـە بەنـاوی (نوشـتـەی

بەدوومی پەپوولەیەک) لە مەدرید پێشان دا.

یەکەم سەرچەڵی شانۆییانەی سەرکەوتووی شانۆنامەیەکی پەخشانی مێژوویی بوو بە ناوی (ماریا بینیدا) کە ساڵی ١٩٢٧ لە مەدرید پێشان درا. سەیر لەوەدایە بڕوانین چۆن پێگەیشتن و پێشکەوتنی لە بواری شانۆیی نووسیدا شان بەشانی ئاستی پێگەیشتن و پێشکەوتنی لە هەڵبەست هۆنیدا دەڕۆیشت. وەکو چۆن ت. س. ئیلیەت دەڵێ:

«شانۆ کۆڕی شیاوی هەڵبەستە و چاکترین ڕێگەچارەی قازانجی کۆمەڵایەتییە.» کەوا لۆرکا خاوەن دڵێکی کۆمەڵناس و بڕوا بوو کە شاعیر دەبێ «لەو سەردەمە شانۆ بابەتەی دنیادا لەگەڵ خەڵکەکە پێ بکەنێ و بگریێ».

ساڵی دواتر دیوانی (بەیتە قەرەجییەکان)ی سەرکەوتنێکی گەورەی لە ئیسپانیا و هەموو وڵاتانی ئیسپانی زمان وەدەست هێنا. زۆربەی بەیت و چیرۆکە هۆنراوەکانی ئەم دیوانە لە بابەت قەرەجانەوەیە و لەسەر شێوەی بەیت و باڵۆرەی کۆن نووسراون، کەوا هەردوو دێر یەک پاشبەندیان هەیە و ساکارییان بەڵگەی بەهرەی هونەریی شاعیرە، زۆرترین سروشتەکانی هەڵبەستی خۆیشی تێیدا دەبینین وەکو: هەستی ورد و هەستیاری ئەمەش تەواو میتۆلۆجیای قەرەجانەیە.

لەگەڵ چاوەڕوانیی مردن و خوازە (ئیستیعارە)ی ڕەنگینی ناتەنکاو.

لەم بەیتە قەرەجییانەدا لۆرکا دەگاتە یەکەتییەکی تەواوی نێوان (میللییانە) و (هونەرییانە)، نێوان کۆن و سەردەم.. لەوانەشە ئەمە هۆکاری پەسندکردنی بێت لە جیهاندا. چونکە هیچ دابڕێک نابینین لە نێوان تازەگەری و کەلەپووردا، بگرە کەلەپوور لە ژیاندا نوێ و لە شیعر نزیک دەکاتەوە.

لۆرکا وەکو زۆرترینی شاعیرانی سەردەمی خۆی بۆ دەستەیەکی

هەڵبـــژاردەی تـایبـــەتی نـەنووســـیـــوە، بـەڵكو دەیگوت: «ئـەو وێنـانـەی لـە كەسـایەتییـەكانـەوە دەیانچنم دەمـەوێ ئەمـانە خـۆیـان تێیـان بگەن.» حـەزی دەكرد هـەموو كەس لێی تێ بگات و لە میان هـەڵبەستەكانیدا خۆشیان بووێ. ئەمـەش راسـت وا بـوو. تەنانەت ئەوانەشـی زۆر بەلای ئەدەبیـاتەوە نـاچن تێی دەگەن، خۆ ئەگەر تەواویش تێی نەگەن بەلای كەمەوە هـەست بەوە دەكەن كە شـاعـیـر دەیبـێـژێ. هەڵبـەسـتـی لۆركا بەهۆی رەزمی وتـە هەسـتـیـارەكانەوە دیمەن و سـەرنجی پێش چاو بەدەست دەهـێنێت.. هەر ئەوەشــە وای كـردووە بەیتە قەرەجییەكانی بە دەوردا بخولێنەوە.

لۆركـا دەڵێ: «گیـانـی داهێنەر دەرناكەوێ ئـەگەر مـردن رەچاو نـەكـات.».. ئیـسـپـانیـای بەرێوەچـووی گیـانـی داهێنـەر هەڵبـەتە: «... نەتەوەی مـردنە.. نەتەوەی دەرگە كراوەیە بۆ مـردن.. پیاوێكی مردوو لە ئیسپانیا مردنەكەی لە هەر جێیـەكی تـر زیاتر ژیانە.. ئیسـپـانیـا ولاتێكە هیچ شـتێكی گرینگتری ناگـاتە تـوندوتیـژترین وێنەیەكی مـردن..» ئـەمـەش راسـتـیـیـەكی بنـەڕەتیی سـەرومـڕە لە كۆنـترین گۆرانییـەكانی ئیسـپـانیـادا.. هەر بۆیە رەنگینترین هەڵبـەسـتەكانی لۆركـا شـیـوەنێكە سـەبارەت بە مـردنی ئەغناتیـو میـخیـاسـی دۆستی و پاڵەوانی شەڕەگا دایناوە.

سـاڵی ١٩٢٩ گـەیشـتـە ئەمـەریكا و لە زانكۆی كۆڵۆمـبیـا وەرگـیـرا (بەڵام خـوێندنی تەواو نەكرد) و ئەوەی لە ئـەمـەریكای دەبینی هـەمـووی پێچـەوانەی خەیاڵی جارانی بوو. ئەوەتا دەڵێ:

هاتم خوێنی لێڵ ببینم
خوێنێک ئامێران بۆ تاڤگەكان و
گیانمان بۆ زمانی مار دەبات.

نیـویۆرک لەپێش چاوی شـارێكی هونەری بینـاسـازی پتـر لە پێویسـتـیی مرۆڤ بوو، شـاری تێكچڕژاوی و هـەندەسـە و تۆقێن بوو، ئەم دنیـایەی لەگەڵ دنیای ئەندەلووسی نوقمی تیشكی هەتاو. جوداواز ململانێیەكی لە جیهانی

شیعریدا پەیدا کرد. دیارە لۆرکا بەو زمانەی کە دیوانی (گۆرانی) و (بەیتە قەرەجییەکان)ی پێ گوتووە نایە لەمەولا شیعر بڵێ، دەبێ بە شێوازێکی تازە گوزارشت لە هەستی ئاڵۆز و دیمەنە نامۆکان بکات بۆیە رووی کردە وێنەی سریالی.. بە تایبەتی کە لەم مەیدانەدا ئەزموونی پێشووی هەبوو وەکو هەڵبەستێک بۆ (سلڤادور دالی) و هەڵبەستێک بۆ (سانتسیموساکرا منتودی ئەلتار) و چەند پارچە پەخشانێکی مۆرک سریالی، جگە لە هەندێ نیگاری ئەبستراکت (تەجریدی) و بەرەڤانیکردنی لە بەرهەمەکانی (خوان میرۆ) و (دالی) و بەشداریی لە بەیاننامەی سریالیی پێشنیازکراودا. بۆیە ئەوانەی سەیری دیوانی (شاعیرێک لە نیویۆرک)ی ساڵی ١٩٣٠ چاپکراو دەکەن ئەو ئەزموونەی پێشوو لە بیر دەکەن و لایان وایە ئەم دیوانە فڕی بەسەر بەرهەمەکانی لۆرکاوە نییە و تەونێکی سەربەخۆ و کەمتر روون و ئاشکرایە. بەڵام هەتا ئەگەر دیوانی (شاعیرێک لە نیویۆرک) کارێکی سریالییانەش بێت ئەوا سریالییەتەکەی ملکەچی شێوازی تایبەتیی خۆیەتی.. لە شیعری ئەودا جۆرە کرژییەک هەیە کە لە بەرهەمی سیریالییەکانی تردا نابینرێ، لەگەڵ ئارەزوویەکی گەرم بۆ پێشاندانی راستەقینەی بەرجەستەکراو بۆ ئەو وێنە خەیاڵییانەی لێیەوە هەڵقووڵاون. هەروەکو چۆن کەلەپووری ئیسپانیای بۆ مەبەستی خۆی بەکار دەهێنا ئێستاش سریالیزم بەکار دەهێنێ، بەتایبەتی لە هەندێ هەڵبەستدا وێکچوونێک لەگەڵ بەرهەمی (وولت ویتمان) دەبینرێ کە لەو دەمەی لە نیویۆرک بوو دیوانی ویتمانی بە تەرجەمەکراوی خوێندبووەوە، لەم روانینەوە (کونراد ئیکون) نووسیویە:

«لۆرکا هەموو سروشتەکانی سریالیزمی هەڵلووشیوە و وەکو جادووگەرێک کوڵمی خۆی پێ رەنگ کردوون، پاشان لە دەمیەوە هەڵبەستی فوو کردووە – ئەمەش وەکو هەموو ئەو جارانەی کە پڕاوپڕ تێکەڵی هەموو شتێک دەبوو.»

کەوا بێت ئەگەرچی (شـاعیرێک لـە نیویۆرک) بە رواڵەت جوداوازە بەڵام هەر بە دێراوی سـەرەکیی بەرهـەمـەکـانی لۆرکادا چووە و دیوانێکی بەنرخی شاعیرییەت و شانۆییەکی ئاڵۆز و ئێجگار واقیعییە.

سـاڵی ١٩٣٠ هەسـتی بەوە کرد کە پێویسـتی بە دیمـەنی دڵخـۆشکەری تر هەیە هەر بۆیە کـە بانگهـێـشتن کـرا لە هاڤـانا وتـار پێـشکێش بکات، بە خـۆشـییـەوە ئەرێی دا و بەرەو (دوورگـەی هەتاوی داخکەر) بەڕێ کـەوت. لە کوبا نزیکەی دوو مانگ مـایەوە و کەشی دوورگە لاتینییەکەی زۆر بە دڵ بوو و لە رەزمی گۆرانییەکـانی کوبادا ئەو کەلەپوورە ئیسپانیاییـەی دۆزییەوە کە زۆر باش شـارەزای بوو. لەوانەیە ئەوە مـەزاجی گۆڕیبێت و گـەڕاندبێتییـەوە لای کـانییـە رەسـەنەکـەی ئیلهامی و لای ئەو ڕەگانـەی زیاتر بە ئەندەلووس و ئیـسـپـانیـا و ئـاینەوە نووسـاون و کـە بەگـشـتـی بە بناخـەی کـاری خـۆی دادەندرێن.

لە کوبا دوو وتاری پێشکێش کرد، یەکێکیـان لەبارەی گۆرانیی منداڵان و ئەوی تر لە بـابەتی (دویندە) = گـیـان بەڵام – نەک گـیـانی تارمـایی وەکـو لە تەرجـەمەی وشـە بە وشـەیدا دیار دەبێ – بەڵکو گیانی داهێنەری زیندوو کە هەموو هونەرمەندێکی ئەندەلووسی دەیناسێت.

پاش گـەڕانەوەی بۆ ئیسپانیا مـاوەیەک لە مـاڵی بابی لە گوندەکەی نزیک غەرناتە رای بوارد، ئەنجا بە پیتترین ماوەی ژیانی دەسـتی پێ کرد. کەوا لە دوا دوای سـاڵی ١٩٣٠دا شانۆنامـە هۆنراوەکەی (ژنە نایابەکەی پینەدۆز)ی لە مــەدرید پێـشـان درا، پەیتـا پەیتـاش هەڵبـەسـتـەکـانی لە نیـویۆرک لە کـۆوارەکـاندا بەتایبـەتی لە کـۆواری (رۆژاوا) کـە ئۆرتێگا و گـاسـێت دەریان دەکرد بڵاو دەکرانەوە. بۆ سـاڵی دواتر دیوانی (هەڵبـەستی گۆرانیی قووڵ)ی بڵاو کردەوە، ئەم دیوانە پێش دیوانە شیعری (گۆرانییە)کان بوو کە لۆرکا لە رۆژانی مـیـهرەجـانی (کانتی خوندۆ) واتـا گۆرانیـی قووڵ کە لەگەڵ دی ڤالا رێکـی خـسـتـبـوو لە دەروونیـدا تۆمـاری کـردبوو. دەتـوانرێ ئەوەی لۆرکـا

سەبارەت بەو میهرەجانە گوتوویەتی ببێتە وەسفێکی دیوانەکە:

«کە بە دوا گـۆرانییـە رەسـەنەکـانماندا دەچین و دەریان دەخـەین هەوڵ دەدەین گیانی ئەندەلووس دەربخەین»

لێرەشدا شاعیر ئەو کەرەستە هونەرییە مىللییانەی بەکار هێنا کە لە سەرەتای ژیانییەوە بەبێ ئاگایی هەڵی مژیبوون و سەرباری ئەوەی کە لە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی هەڵبەستی میللیدا بە ئاگا بە دەستی هێنابوون. زۆر بڕوای بەنرخی ئەو شاعیرە کەس نەناسەی میللی هەبوو کە «بەدوو دێر یان سێ دێر بەرزترین چرکەساتەکانی هەست لە ژیانی مرۆڤدا پوختە دەکات. هەندێ فەردی فۆلکلۆری ئەوەندە سۆزی (گۆرانی – شێوە)ی تێدایە مەگەر کەمێک لە شاعیران لەم جۆرەی بۆ لوابێت. لەم فەردە دوو دێرییەدا:

پەرژین مانگ پەنا دەدات

خۆشەویستەکەی منیش مرد.

زیاد لە هەموو شانۆییەکانی ماترلینگ راز و نهێنیی ساکار و رۆشن و پاکژی تێدایە.»

لەگەڵ دامەزراندنی رژێمی کۆماری، دیتی دەرفەت لەبارە بۆ پێشکێشکردنی شانۆ بە گەل بۆیە پێشنیازی پرۆژەی شانۆیەکی گەڕۆکی خستە بەردەم حکوومەت کە قوتابیانی زانکۆ نمایشی تێدا بکەن. بەڵێ پرۆژەکە سەری گرت بە (لاباراکا)وە گەیشتە دوورترین دێهاتی ئیسپانیا و شانۆییەکانی (دی ڤیگا) و (کالدرون) و نووسەرانی کلاسیکی تری ئیسپانی بۆ رەنجبەران و خەڵکی ساکاری گوندان نمایش دەکرد. زۆربەی جار خۆی مۆسیقای بۆ شانۆییەکان ئامادە دەکرد هەر خۆیشی بەڕێوەبەر و دەرهێنەریان بوو.. ئەم بینەرانە یەکەم جار بوو شانۆییان دەدیت، بە رۆمەت و پەسندییەوە گوێیان دەگرت. ئەم ڕاڵێبوونە ساکارە ئەزموونێکی دەروونیی بە لۆرکا دا کە لە شانۆییەکانی لەمەودوایدا کەڵکی لێ وەرگرت.

یەکەم شـانۆی مـەرگـەسـاتی (زەمـاوەندی خـوێن) بوو کە سـاڵی ١٩٣٣ لە مەدرید پێشـان درا و سەرکەوتنێکی زوو بەزووی بە دەست هێنا. هەر لەگەڵ شـانـۆییـیـەکەدا چوو بۆ بوینس ئایرس، لەوێش هەر سـەرکەوتوو بوو، تـاکـو بەهار مـایەوە و وتاری پێـشکێش و لە ئامـادەکردنی شـانۆییـیـەکـەدا کـاری دەکرد، شانۆییـیەکی سەرکەوتووی (لوبی دی ڤیگا)شی پێشکێش کرد. کە گەڕایەوە ئیسپانیـا شـانۆییی (یەرمـا)ی سـەر بە دێهاتی ئیسـپـانیا و لەبارەی ژنانەوە پێشـان دا و شـانـۆییی سێ لکەی (بەرنادا ئەلبـا)ی نووسـی کە پاش مردنی چاپ و نمایش کرا. ئەمەش شانۆییـیەکی واقیعییـانەیە کەوا پێنج کچ حەز لە پیاوێک دەکەن و دایکی زۆرداریان ئازاریان دەدات.

شـانـۆییـیـەکانی لۆرکـا هەر لەو کانییە هەڵقووڵاون کە هەڵبـەستی خـۆی لێ پاراو بوون و بەشێکی تەواوی ژیانی خۆی بۆ تەرخـان کردوون. باوەڕی بەوە هێنا کـە شـانۆش هـەر هەڵبـەسـتـە و شـێـوەی مـرۆڤـانـەی وەرگـرتووە. هەستکردنی بەوە کە پێویستی بە پێوەندییە مرۆییەکان هەیە هۆیەک بوو بۆ هۆگربوونـی گـەرمـوگـوڕی بەشـانۆوە، شـانۆش ئەو ئامـرازانـەی پێ دا کـە بە هۆیانـەوە گـوزارشت لە خـودی خـۆی بکات بەو شـێـوە شـانـۆییـیـانـەی کـە سروشتی شیعری لەسەر رسکابوو.

بەڵام وە نەبێ مەرگەسـات نووسـین تا سـەر دڵ و زەینی داگیر کردبێ بەڵکو شـانۆییـیـەکی رۆمـانسـیـشی لە سـەدەی نۆزدەمین رووداودا لـەبارەی ژیانی برجوازییـانەی غەرناتەوە نووسی بەناوی (دۆنا روزیتای قـەیرەکچ یان زمانی گـولاَن) سـاڵی ١٩٣٥ لـە بەرشلۆنە پێـشکێش کـرا، ئەمـەش خـۆی گـوتەنـی شـانۆییـیـەکی (گاڵتـەی شیـرینە).. هەروەهـا هەندێ شـانۆییی تریشی نووسی وەکـو (پاش بووریـنی پێنج سـالان) کـە پاش مـردنی چاپ کـرا و لەوە دەچێ شانۆییـیەکی بەزمەساتی سریالی بێت.

لە ماوەی ئەو ساڵە پڕ رێژەنەدا وازی لە نووسـینی هەڵبـەستی پەتی نەهێنا و لەو دەمـەدا کـە خـەریکی ئامـادەکـردنی (دیوانی تەمـاریت) بوو کـوژرانی

هاورێی خۆشەویست و قارەمانی ناوداری شەڕەگا (ئیگناتیو سانشیت میخیاس) جەرگی بڕی، ئەوسا زوو بەزوو شیوەنێکی رەنگینی لە چوار جوولەدا بۆ نووسی کەوا بووەتە یەکێک لە نموونە نایابەکانی هەڵبەستی هاوچەرخی ئیسپانیایی کەوا لە هەر جوولەیەکدا کێشێکی تایبەتی بەکار هێناوە تاکو کاریگەریی شانۆییانە لە شیوەنەکە بەهێز بکات.

کە وا دەڵێ:

مردن دواجار سەرکەوتووە
گاکەش بە تەنیا دڵشادە.

لەم شیوەنەی کە بە گەیوترین هەڵبەستەکانی دادەنرێت، هەرچی پیت و بڕشتێک لە هەست و زەینی شاعیرانەیدا هەیە خەملیوە، ئەوەی بۆ هاورێیەکەی گوتووە راست بۆ خۆی دەرچوو:

ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ
ئەندەلووسییەک بەو پاکییە و
ئەو دەستڕۆیشتوویییە لە سەرچەڵیدا
لەدایک بێت، ئەگەر لەدایک بێت.

لەو هەلەدا کە بەشی سێیەمی (ماڵی بەرناردا ئەلبا)ی تەواو دەکرد، کاری لە دیوانێکی دڵدارییانە دەکرد بەناوی (رازی دڵداریی خەمگین) بەڵام دەستخەتی ئەم دیوانە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی دژی کۆماردا لەناوچوو!

مەزنیی کارەساتی ئەو ونبوونە لە قسەکانی (ڤیتنە ئەلەکسەندەر)ی هاورێی شاعیر دەردەکەوێ کە دەڵێ: «هەر جارە هەڵبەستەکانی دڵداریی خەمگینی بۆ دەخوێندمەوە.. ئای چ سەیرە نایابێکی سۆز و گوڕ و شادی و ئازار بوو، ئەو خۆشەویستییەی شاعیر کەرەستەی یەکەمی لە قەوارەی بوون و دڵ و گیانی گەشاوەی بەسەر لەناوچوونیدا هەوێن کردبوو.

بە سەرسامییەوە سەیرێکم کرد و گوتم: «فیدیریکو! ئەوە چ دڵێکە هەتە!

ئای چەند زۆر دڵدار بوویتە و چەند  زۆر ئازارت چەشتووە!»

لە دواییدا ئەو تاوانە نامەردانە ژیانی شاعیری لە لووتکەی پێگەیشتنی هونەریدا داپچڕاند. کە کەسایەتی و هەڵبەستەکانی گشتێکی دابەشنەکراو بوو، ئەوەی بە (گۆنگۆرا)ی شاعیری رادەدیت لەوانەیە لە بۆ خۆی بشێ:

«گۆنگۆرا! گرینگ ئەوە نییە بخوێنێتەوە، گرینگ ئەوەیە خۆشەویستی بکات.»

# کتێبی هەڵبەستان

## گۆرانیی گۆڕەپانە بچکۆلە

منداڵان
لە شەوی کشوماتدا
گۆرانی دەڵێن:
ئەی جۆگەلە ئاوی زەنگوڵ
تۆ ئەی کانیی روون و رەوان!
منداڵان:
چی دڵەی خواییت پڕ دەکات
ئەرێ شادییە؟
من:
زرەی زەنگی
لە تەمومژدا ون بووە.
منداڵان:
لە گۆڕەپانە بچکۆلەدا
دەم بە بەستە تێ دەپەڕی
ئەی جۆگەلە ئاوی زەنگوڵ
تۆ ئەی کانیی روون و رەوان!
لەناو دەستی بەهارانەتدا
چیت پێیە؟
من:

گوڵێک لە خوێن و
زەمەقێک.
منداڵان:
بە ئاوی گۆرانیی ڕەسەن
بیانڕشێنە.
ئەی جۆگەلە ئاوی زەنگوڵ
تۆ ئەی کانیی روون و ڕەوان!
بە دەمی ئاڵی تینووتەوە
هەست بە چی دەکەی؟
من:
چێژی ئێسکی
کەللەی گەورەم.
منداڵان:
لە ئاوی مەندی
گۆرانیی ڕەسەن ئاو بخۆوە.
ئەی جۆگەلە ئاوی زەنگوڵ
تۆ ئەی کانیی روون و ڕەوان!
بۆچی دەڕۆیت.. لە گۆڕەپانە
بچکۆلەکە دوور دەکەویتەوە؟
من:
تاکو بەدوا جادووگەر و
کچە شازاداندا بچم!
منداڵان:

کێ ڕێی شاعیرانی
پێ نیشان دای؟
من:
کانیی گۆرانیی ڕەسەن و
جۆگەلەکەی؟
منداڵان:
داخوا بۆ دوور دەڕۆیت، بۆ دوور،
زۆر دوور لە دەریا و لە زەوی؟
من:
دڵی ئاوریشمیم تژییە*
لە ڕووناکی و
زەنگی ونبوو و
زەمەق و مێشهەنگ..
جا دەڕۆم بۆ دوور، بۆ زۆر دوور
دوورتر لەو گردانە
دوورتر لەو دەریایانە و
دەگەمە نێزیک ئەستێران،
تاکو لە یەسووع داوا بکەم
گیانی منداڵیی رابردووم
مەستی ئەفسانە و
کڵاوی پەڕ لەسەر و
شیرێکی دارم

* تژی: پڕ.

پێ بداتەوە.
منداڵان:
بەدەمی بە گۆرانییەوە
لە گۆڕەپانە بچکۆلەکە
دەڕۆی و جێمان دەهێڵی
ئەی جۆگەلە ئاوی زەنگوڵ
تۆ ئەی کانیی روون و رەوان!
لکە سیسەکانی داران، بە چاوی گەشیانەوە،
کە با برینداری کردوون،
بۆ پەلکی مردوو دەگرییێن.

## گۆرانیی رۆژێکی تەمووز

گاکان زەنگوڵەی زل زلی زیویان لە ملە
– بۆ کوێ دەچی: بچکۆلەکەم
ئەی کچی هەتاو و بەفر؟
– بۆ لای گوڵە حاجیلان
لە مێرگی کەسکدا
– مێرگ دوورە و
پڕ لە ترسە.
– خۆ ئەڤینی من ناترسێ
لە شینەشاهۆ و سێبەران.
– جوانکیلەکەم
ئەی کچی هەتاو و بەفر
دەنا لە هەتاو بترسە!
– لە کەزییەکانم تا هەتا
ئاوا بووە.
– ئەرێ تۆ کێی ئەی کیژۆڵەی گەوری* سپی
لە کوێوە دێی؟
– لە خۆشەویستییەوە هاتووم
لە کانیاوانەوە هاتووم.

* گەور: سپی.

گاکان زەنگوڵەی زل زلی
زیو لە مل دەکەن.
– ئەوە چییە لە دەمتدا
ڕووناکیت بەسەردا پەخشان دەکات؟
– ئەستێرەی دڵدارەکەمە
ئەوەی کەوا دەژی و دەمرێ.
– ئەوە چییە بە سنگتەوە
تیژە و باریک؟
– شمشێری دڵدارەکەمە
ئەوەی کەوا دەژی و دەمرێ.
– ئەو ڕەشی و ئەو خەمە چییە
بە چاوتەوە؟
– یادگاری خەمگینم و
بە ئێشی هەتا هەتامە
– بۆچی کەوای ڕەشی مەرگت
لە بەردایە؟
– هەیرۆ! منی بێوەژنی هەژار
کڵۆڵ، نەدار،
بێوەژنی
بەگزادەی خانەدانەکان!
– دەی کەوا کەست خۆش ناوێ
لێرە لە کێ دەگەڕێی؟
– لە لەشی بەگزادەی گەورەی
خانەدانان.

– ئایا منەی دڵداری دەکەیت
ئەی بێوەژنی ساختە؟
لە دوای خۆشەویستی وێڵی
دە خوا بکات بیدۆزییەوە.
– من بە تەمای وردە ستارەی ئاسمانم
لە کوێ بە دڵدارەکەم دەگەم
ئەوەی کەوا دەژی و دەمرێ؟
– ئەو.. لەناو ئاودا راکشاوە
هۆ کیژۆڵەکەی بەفر
بە تاسە و بە گوڵەمێخەک داپۆشراوە.
– هاوار! ئەی سوارچاکی گەڕۆکی
دار سەروو
شەوێکی مانگەشەو
گیانی منت پێشکەش دەکات.
– هۆ ئیزیسی خەون دیتوو!
کیژۆڵەیەکی بێ هەڵوا،
چیرۆکەکانی هەموو دەم
لەسەر زاری منداڵانە.
دڵی خۆمت پێشکەش دەکەم
دڵێکی پڕ لە بەزەیی
بە چاوی ژنان بریندار.
– ئەی سوارچاکی جوامێر
خوات لەگەڵ بێ
من وا دەچم تاکو بە شوێن

بەگزادەی خانەدانەکاندا بگەڕێم.
– خوداحافیز، هۆ کیژۆڵە شیرینەکەم
ئەی گوڵێکی خەوتوو
تۆ بەرەو دڵداری دەچیت
منیش رووەو مردن دەچم.
گاکان زەنگوڵەی زل زلی
زیوین لە مل دەکەن.
دڵم خوێنی لێ دەچۆڕێ
وەکو کانی.

## گۆرانیی ئاوی دەریا

دەریا
دەگرنژی* لە دوورەوە
ددانی کەفە و
لێوی ئاسمان.
– هۆ کچە سەر کزۆڵەکە
مەمکەکانت بەرەو بایە
چ دەفرۆشی؟
– جەناب، ئاوی دەریا دەفرۆشم
– ئەی لاوە گەنم رەنگەکە
ئەوە چیت پێیە لە خوێنی وەردراوە؟
– جەناب
ئەوە ئاوی دەریایە.
– ئەرێ دایە
ئەو فرمێسکە سوێرانە لە کوێوە دێن؟
– جەناب، بۆ ئاوی دەریا دەگریم
ئەدی ئەی دڵ، ئەو تاڵاییيە
لە کوێوە خەم هەڵدەقووڵێ؟
– ئای ئاوی دەریا چەند تاڵە.

---

* دەگرنژی: خەندە دەکات.

دەریا
لە دوورەوە دەگرنژی
ددانی کەفە و
لێوی ئاسمان.

## خەون

دڵم لە کن کانییە ساردەکە رادەکشێ
(ئەی جاڵجاڵۆکەی ئارامی
بە داوەکانت پڕی کە).
ئاوی کانی گۆرانیی خۆی پێدا هەڵگوت
(ئەی جاڵجاڵۆکەی ئارامی
بە داوەکانت پڕی کە)
دڵی نەنوستووم بۆ دڵدارییەکەی بەستەی گوت
(ئەی جاڵجاڵۆکەی بێدەنگی
ئاڵۆزییەکەی خۆت بتەنە)
ئاوی کانی خەمبارانە گوێی لێ راگرت
(ئەی جاڵجاڵۆکەی بێدەنگی
ئاڵۆزییەکەی خۆت بتەنە)
دڵم دەکەوێتە ناو کانییە ساردەکەوە
ئەی دەستە سپییەکان لە دوور
ئاوەکە راگرن.
ئاویش رای دەماڵێ. بە شادییەوە بەستە دەڵێ
(ئەی دەستە سپییە دوورەکان
هیچ شت لە ئاودا نامینێ).

## چەند گۆرانییەکی نوێ

زەردەی ئێواران دەڵێ:
«من تینووی سێبەرێکم»
مانگ دەڵێ:
«من تینووی ئەستێرانم»
کانییە مینایی لێوان دەخوازێ
بایش داوای ئاخ هەڵکێشان دەکات.
من تینووی گوڵاو و پێکەنینم،
تینووی چەند گۆرانییەکی تازەم
نە مانگ و نە زەمەق و
نە خۆشەویستیی مردوویان
تێدا نەبێت.
گۆرانییەکی سبەینێی وەها
ئاوی مەندی پاشەڕۆژ دەورووژێنێ و
شەپۆل و لیتەکەی پڕ دەکا
لە هیوا.
گۆرانییەکی نەرمونیان و پرشنگدار
بە بیرکردنەوە دەوڵەمەند،
پاک. لە خەم و پەژێوانی
پاک، لە خەیاڵی پووچ

گۆرانییەکی بێ قالبە گۆرانی
سرەوتن* پڕکات لە پێکەنین
(پۆلە کۆترێکی بێ چاو
فڕێ دراونەتە نادیاری).
گۆرانییەک بگاتە گیانی شتان و
گیانی (با)
لە دواییشدا لە شادیی دڵی نەمردا
جێگیر ببێت.

* سرەوتن: بێ جووڵەیی.

## ئارەزووییەک

دڵی گەرمی تۆ بە تەنیا و
هیچی دی نا..
بەهەشتی منە: باخێکە بەبێ شالوور* و
بێ گیتار،
تێیدایە رووبارێکی مەند و
کانیلەیەک
بەبێ مامزەی** رکێفی با لەسەر پەلکان
چ ئەستێرەیەکیش حەز ناکات
ببێتە پەلکی دارێک
رۆشناییەکی پڕاوپڕ
ئەوەی دەبێتە گوڵە ئەستێرەیەک***
بۆ رۆشناییەکی دی،
لە باخێکی پڕ لە نیگای ناکامدا،
ئاسایشێکی پەتی
لە جێی ماچەکانمان،

---

* شالوور: جۆرە بلبلێکە.
** مامزە: مەهماز. چوکڵە ئاسنێکە بە پێڵاوی ئەسپ سوارەوە دەخرێ تا بۆ تاودانی خێرا لە کەلەکەی ئەسپەکەی بژەنێ.
*** گوڵەستێرە: پەپوولەیەکی رووناکیدەرە لە شەواندا.

دووبارەی زایەڵەی لەرەلەر کردوو
لە رەهەندداا دەگەشێتەوە
لە دڵی گەرمی تۆیش و
هیچی دی نا.

# هەڵبەستی گۆرانییە قووڵەکە

## گۆرانیی سێ رووبارەکە

رووباری «گوادای گەورە»
لەنێو دارپرتەقاڵ و لیمۆدا دەخشێ
دوو رووبارەکەی غەرناتە
لە بەفرەوە نشێو دەبنەوە ناو گەنم.

ئەی خۆشەویستییەکەی
باری کرد و نەگەڕایەوە!
رووباری گوادای گەورە
ریشێکی رەنگ یاقیقی هەیە
دوو رووبارەکەی غەرناتە
یەکیان گریانە و یەکیش خوێن.

ئەی خۆشەویستییەکەی
لەگەڵ (با)دا کۆچی کرد
کەشتییە پەردەدارەکان
رێگەیان بە ئیشبیلیە دایە.
لە ئاوی غەرناتەشدا سەوڵ
هەر ئاخ هەڵکێشان دەڕانێ.

ئەی خۆشەویستییەکەی
باری کرد و نەگەڕایەوە.

(گوادای گەورە) و قوولەیەکی بڵند و
بای ناو باخی پرتەقاڵان.
(دەورۆ) و (شانێل) دوو قوولەن
بەسەر کانیاوانەوە مردن.

ئەی خۆشەویستییەکەی
لەگەڵ بادا باری کرد
کێ دەڵێ ئاو
برووسکەی بێ بارانی قیژە و هاواری پێیە!

ئەی خۆشەویستییەکەی
باری کرد و نەگەڕایەوە.
ئەی ئەندەلووس! بۆ دەریاکانت
گوڵی لیمۆ ببە
زەیتوون ببە،

ئەی خۆشەویستییەکەی
کە لەگەڵ بادا چوو.

## دیمەنێک

باخی زەیتوون
وێک دێتەوە و بڵاوە دەکات
وەک باوەشێن
بەسەر باخە زەیتوونەکەوە
ئاسمانێکی قووڵ و
بارانێکی رەشباو
لە ئەستێرەی ساردەوەیە
......
قامیشەڵان
لە کەناری رووبارەکە
لەگەڵ تاریکیدا هەڵدەلەرزێ.
هەوای کەوەڕەنگ دەشڵەژێ
دارزەیتوون هاوار و قیژە لێ دەدەن.
پۆلێک
چۆلەکەی دیل،
کلکی درێژیان
لە سێبەردا دەجووڵێن.

# گیتار

گریانی گیتار
دەست پێ دەکات
پیاڵە مەی پڕ
لە پرشنگی بەرەبەیان
تێک دەشکێن
گریەی گیتار
دەست پێ دەکا
بێ سوودە دەمکوتکردنی.
هەرگیز ناکرێ دەمکوت بکرێ
سەروبڕ دەگری
وەک ئاو دەگری
وەک با بەسەر بەفردا دەگری
قەت ناکرێ بێدەنگ بکرێ
لە بۆ شتگەلی دوور دەگری.
لمی ناوچەی گەرمی باشوور
کە لە (کامیلیا) دەپرسێ
بۆ تیرێک دەگری بێ ئامانج
ئێوارەیەک بەبێ بەیان،
یەکەم چۆلەکەش کە لە سەرچڵ مرد

ئەی گیتارەکە
دڵ وا پێنج شمشیر
برینداریان کرد.

## گوندێک

لەسەر چیای رووتاوە
رێگەی زرنگانەوەیە
ئاوێکی رۆشن و
دارزەیتوونانی تەمەن سەدان ساڵ.
لە کووچە و کۆڵانانداا
پیاوانی پاڵتۆ لەبەر هەن
لە بان قوللەکانیش
ئاسیاو* دەگەڕێن،
هەتا هەتایە
دەگەڕێن
ئەی گوندە ونبووەکەی
لە ئەندەلووسی گریاندا!

---

* ئاسیاو: ئاش، ئاشی ئاو.

## هەنگاوێک

کچەکەی (تەنوورە) لەبەر
ئەی کچەکەی تەنیاییی من، پشکووتوو
وەک گوڵە لاوەنتەیەکی گەورە.

لە بەلەمی رووناکییەکانتدا
بەسەر درێژاییی شاردا
لە نێوان لاوژەی* لەرز گرتوو و
ئەستێرەگەلی لە بەللوور
بەرێ دەکەویت

کچەکەی (تەنوورە) لەبەر
تۆ بە رووباری رێگادا
بەرێ دەکەویت
تا دەریا.

* لاوژە: گۆرانی.

## گەشتێک

سەد سوار بە جلکی ماتەمین،
بۆ کوێ دەچن
لەژێر ئاسۆی نزمی ئاسمانی
باخی پرتەقاڵدا..؟

خۆ نەدەگەنە قورتوبە و
نە ئیشبیلیە و
نە غەرناتەی ئاخ هەڵکێشاو
بۆ سەر دەریا.

ئا ئەو ئەسپە خەواڵووانە
دەیانبەنە شوێنە ونی
خاچی چەقیو
کە لەوێدا گۆرانی هەڵدەلەرزێ
بە حەوت خەمە بزمار کوتەکانیانەوە
ئەو سەد ئەندەلووسییە:
سوارگەلی باخی لیمۆ
بۆ کوێ دەچن؟.

## لۆلا

لەژێر دارپرتەقاڵێکدا
مەلۆتکە پێچەلۆکەکانی خۆی دەشوشت.
چاوی سەوزە
دەنگیشی بنەوشەییە.

ئەی دلبەرەکەی ژێر دار
پرتەقاڵی پشکۆژەداو!
ئاوی جۆگا
بە هەتاوەوە سەررێژ بوو،
لەسەر زەیتوونە گچکەکەش
چۆلەکە کەوتە جریوە جریو.

ئەی دڵبەرەکەی ژێر دار
پرتەقاڵی پشکۆژەداو!
پاشانیش، کە (لۆلا) هەموو
سابوونەکان دەکاتە کەف
پاڵەوانانی شەڕەگا* دێن.

* شەڕەگا: یارییەکی میللیی ئیسپانیاییە. پاڵەوانێک شەڕ لەگەڵ گایەکی چەمووشی بریندار دەکات.. یان دەیکوژێت بەزەبری شیر، یان گاکە ئەو دەکوژێت.

ئەی دلبەرەکەی!
ژێر دارپرتەقاڵی گوڵکردوو!.

## مالا گینیا

مردن
دێت و دەچێت
لە مەیخانەوە.

چارەوێی* ڕەش ڕەش و
خەڵکی بەدکار
قووڵاییی ڕێچکەکانی
گیتار دەبڕن.

لەوێش بۆنی خوێ و
خوێنی ژنێک
لە گەرمیی گوڵە ناردینێکی
کەنار دەریادایە.

مردن
دێت و دەچێت،
دەچێت و دێت
مردنی
مەیخانەکە.

---

* چارەوێ: وڵاخی بەرزە.

# گۆرانی

## گۆرانیی سوار چاکێک

**١٨٦٠**

لەژێر مانگی رەشی
رێگراندا
دوو (مامزە)ی رکێفەکە گۆرانی دەڵێن...
ئەی جوانووە رەشەکە!
سوارە کوژراوەکەت بۆ کوێ دەبەیت؟
... هەردوو مامزە رەقەکەی ئاوزەنگی
ئەو دزە رەقهەڵاتووەی
جڵەوی لەدەست بەربووە.

ئەی جوانووە ساردوسڕەکە
ئای لە بۆنی گوڵی چەقۆ!
لەژێر مانگی رەشدا
بنارەکانی (سییرامۆرینا)
خوێنیان دەڵاند.

ئەی جوانووە رەشەکە
سوارە کوژراوەکەت بۆ کوێ دەبەی؟
شەو هەردوو کەلەکەی رەشی
بە ئەستێرە کونکراوی بە مامزە دەژەنێ.

ئەی جوانووە ساردوسڕەکە
ئای لەبەر گوڵاوی گوڵی چەقۆ!
لەژێر مانگی ڕەشدا
هاوارێکە وا. قۆچێکی درێژی ئاگر.
ئەی جوانووە ڕەشەکە
سوارە کوژراوەکەت بۆ کوێ دەبەی؟

## گۆرانیی سوارچاک

قورتوبە

دوور و تەنیایە

جوانەماینێکی رەش و، مانگێکی پڕ و

چەند زەیتوونێک لە هەگبەی پاشکۆی زینەکەمدایە.

هەرچەندە رێگاش شارەزام

هەر ناگەمە قورتوبە.

***

بەسەر دەشتدا، بەسەر بادا

جوانەماینێکی رەش و مانگێکی سوور

ئەوا مردن بەسەر قوللەکانی قورتوبەوە

سێرەم لێ دەگرێ.

هاوار! لەو رێگە دوورە!

هاوار! ئەی جوانووە ئازاکەم!

هاوار! مردن سێرەم لێ دەگرێ

بەر لەوەی بگەمە قورتوبە!

***

قورتوبە

دوورە و بێ کەسە.

## بەڕاست !

ئۆی! چەند زەحمەتە
ئەوهە خۆشەویستییە تۆم خۆش بووێ.
لە خۆشەویستیی تۆدا
هەوا،
دڵم،
کڵاوەکەم
ئازارم دەدەن
کێ دێ پشتێنەکەم و
خەمی ئەو داوە سپییە بکرێ
تاکو دەسماڵی لێ بچنێ؟
ئای! چەند زەحمەتە
ئەوهە خۆشەویستییە
خۆشم بووێیت!

## گۆرانییەک

کیژۆڵە ڕوو جوانەکە
زەیتوون دەچنێ
(با)ی، دڵداری قوللەکانیش
ناوقەدی لە باوەش دەگرێ.

چوار سوار
بە سواری ئەسپی ئەندەلووسی و
جلوبەرگی سەوز و شین و
عەبای ڕەشی درێژەوە تێپەڕین.
– کچە جوانەکە! وەرە بچینە قورتوبە
کیژۆڵەکە گوێ ناداتێ.

سێ پاڵەوانی شەڕەگای
ناوقەد باریک
بە بەرگی لیمۆ ڕەنگەوە
شیری زیوی کۆنینەیان هەڵگرتبوو.
– وەرە با بچینە ئیشبیلیە
هۆ کچە جوانەکە!
کیژۆڵەکە گوێ ناداتێ.

کاتێک ئێوارە ڕەنگی بوو بە ئەرخەوان

ئاسمان پڕ بوو لە رەنگ و رەنگی تێکەڵاو
لاوێک هات گوڵ و
رەیحانەی مانگی پێ بوو.
– کچە جوانەکە! وەرە غەرناتە
کچەش گوێی پێ نادات.

کیژۆڵە ڕوو جوانەکە
هەر زەیتوون دەچنێ و
دەستی کەوەڕەنگی (با)کەش
ناوقەدی لە باوەش دەگرێ.

## سیرینیاتا

(دڵبەندییەک بۆ لوبی دی ڤیگا)

لەدەم زێیە
شەو خۆی دەشوات
لە مەمکی لۆلیتاشدا
چڵان لە خۆشەویستیدا دەمرن.
چڵان لە خۆشەویستیدا دەمرن.

شەو رووت و قووت
لەسەر پردەکانی ئادار
لاوژە دەچڕێ
لۆلیتا بە ئاوی سوێر و
مسک و گوڵاو خۆی دەشوات
چڵان لە خۆشەویستییاندا دەمرن

شەوی ئارەقە و زیو
لە سەربانان بریقە دەدات
زیوی جۆگا و ئاوێنەکان
ئارەقەی ڕانی سپیی تۆن
چڵان لە خۆشەویستییاندا دەمرن.

## منداڵی لاڵ

منداڵەکە لە دەنگی خۆی دەگەڕا
(شای سەوزە کوللان هەڵی گرتووە)
لە تنۆکێک ئاودا.
منداڵەکە لە دەنگی خۆی دەگەڕا.

خۆ نامەوێ تا قسەی پێ بکەم
تەنیا دەیکەمە ئەنگوستیلەیەک
بێدەنگییەکەم لە پەنجەی بچووکی بکات.

لە دڵۆپە ئاوێکدا.
منداڵەکە لە دەنگی خۆی دەگەڕا
دەنگە دیلەکەش، لە مەودادا
لەسەر پشتی سەوزە کوللەیەک بوو.

## خۆکوشتن

(لەوانەیە ئەوە بۆیە قەوماوە چونکە
تۆ هەندەسە نازانیت)
(کوڕە خۆی لە بیر دەکرد)
کات دەی بەیانی بوو

دڵەکەی پڕ دەبوو
لە باڵی تێکشکاو و گوڵی پەڕۆ
وا هەستی کرد ئیتر لە دەمیدا
تەنیا یەک وشە ماوە.

کاتێکیش دەستەوانەکەی داکەند
لە لەپییەوە خۆڵەمێشێکی ورد هەڵوەری
لە باڵکۆنەوە قوللەیەک دەبینرا
بۆیە وای زانی خۆی باڵکۆن و قوللەیەکە

بێگومان، دیتی چۆن کاتژمێرە خەوتووەکە
لە سندووقدا چاوی لێیەتی
سێبەری هێمنی راکشاوی خۆی
لەسەر کورسییە ئاوریشمینە سپییەکە دیت

کوڕە رەقە هەندەسییەکە

ئاوێنەی بە تەوەرێک شکاند
کاتێک شکا بەلێشاو سێبەر
سەرینە خەیاڵکردەکەی پڕ کرد.

## مالاوا

ئەگەر مردم
با باڵکۆنەکە کراوە بێت.
منداڵ پرتەقاڵێ دەخوات
(لە باڵکۆنی خۆمەوە دەیبینم).
سەپان گەنم دەدرویێتەوە.
(لە باڵکۆنی خۆمەوە گوێم لێیەتی).
ئەگەر مردم
باڵکۆنەکە با کراوە بێت.

## غەرناتە و ١٨٥٠

لە ژوورەکەمەوە
گوێم لە کانییە

کەپرێ مێو و
ڕووناکیی هەتاو
بۆ شوێنی دڵەکەم
ئاماژە دەکەن.

لەگەڵ بای مانگی ئاب
گەواڵەی هەوران ڕێ دەکەن
لە خەودا دیم
کەوا من لە جەرگی کانیدا
خەون نابینم.

## گۆرانیی دارپرتەقاڵی وشک

هۆ دارکەر!
سێبەرەکەم ببڕە،
رزگارم کە لەو ئازارەی
من بێ بەرم.

کە لەدایک بووم چوار لام ئاوێنە بوو
رۆژ بە لامدا تێ دەپەڕی و
شەو بە هەر ئەستێرەیەک
لە ئەستێرەکانی دەیدواندم.

دەمەوێ بژیم بێ ئەوەی خۆم ببینم
ئیتر خەو دەبینم کە مێروو و هەڵۆ
بوونەتە پەلک و چۆلەکەکانم.

هۆ دارکەر!
دەی سێبەرەکەم ببڕەوە،
رزگارم کە لەو ئازارەی
من بێ بەرم.

## بەیتە قەرەجیەکان

## چیرۆکی مانگ، هۆ مانگ!

مانگ بە بەرگی نێرگزییەوە
دابەزییە دوکانی ئاسنگەرێک
منداڵەکە. سەیری دەکات و دەکات
منداڵەکە سەیری دەکات،

لە هەوای پڕتاودا
مانگەکە هەردوو باسکی دەجووڵێنێ و
بە ناپاکی و پاکیزەیی
سنگی رەقی تەنەکەییی خۆی رووت دەکات

– ڕاکە ئەی مانگ، ئەی مانگ، ئەی مانگ.
نەوەک ئەگەر قەرەج بێن
ملوانکە و ئەموستیلەی سپی
لە دڵەکەت دروست دەکەن.

– منداڵەکە! با سەماکەم
ئەو کات ئەگەر قەرەج بێن
دەتبینن تۆ بەسەر دەزگاوە
چاوی بچووکت نووقاندووە.

– راکە. راکە. مانگەکە

وا گوێم لە دەنگی سمی ئەسپەکانیانە

– هۆ کوڕیژگە، سا لێم گەڕێ
سپیاتیی نیشاستەکراوم پێشێل مەکە.

***

سوارەکان ئەوا نزیک دەبنەوە
تەق تەق لە دەفەی دەشت دەدەن.
لەناو دوکانەکەشدا
منداڵەکە هەردوو چاوی نووقاندووە.

لە باخی زەیتوونەوە قەرەج دەرکەوتن
وەکو ئاسنجاو* و خەونان.
سەران سەربەرزن.
چاوان خەواڵوون.

چۆن کوندەبەبۆ دەقریێنێ
هاوار! چۆن لەسەر داران دەقرێ!
بەرەو ئاسمان مانگەکە هەڵکشا
منداڵێکیشی بەدەستەوە بوو.
لەناو دوکانەکەشدا
قەرەجەکان دەگریان و دەیانقیژاند.
هەوا پاسەوانیی دەکا
هەوا پاسی لێ دەکا.

---

* ئاسنجاو: برونز.

**دەستەویەخە**

لە جەرگەی شیوەکەدا
دەمەتیغی هەڵخراو
کە بە خوێنی دوژمنان رازاونەتەوە
دەڵێی ماسین بریسکە دەدەن.
رووناکییەکی رەقی کارتی یاری
لەسەر چیمەنی تیژ
چەند ئەسپی سەرکەش و
سێبەری سواران دەنەخشێنێ
لە هەناوی دارزەیتوونێکیشدا
دوو پیرێژن شیوەن دەکەن.
گای شەڕەگا
بە دیواران هەڵدەگەڕێ.
فریشتەی رەش
دەسماڵ و بەفراویان هێنا
فریشتەی باڵ زەڵامی
لە دەمە تیغان.
خوان ئەنتونیۆی خەڵکی مۆنتیلا
کوژراوە و لە.. نشێوەکەدا راکشاوە،
گوڵە زەمەق لاشەکەی داپۆشیوە،

هەنارێکیش لەسەر ناوچەوانی دانراوە.
ئێستا وا سواری چلیپایەکی ئاگر بووە
لە ڕێی مردندا بەڕێوەیە.
دادوەر و پاسەوانی میللی
لە باخی زەیتوونەوە دەردێن.
خوێنی ڕژاو بە نەرمە گۆرانییەکی
مارەوە دەگری و دەلاوێنێ.
– هۆ ئاغەینە! سەربازانی پاسەوانی میللی
ئا ئەوەیە چیرۆکە کۆنەکە.
لێرە چوار ڕۆمانی و
پێنجیش قەرتاجەییی مردن.
ئێوارەش، دەم بە وڕێنە لەگەڵ
دارهەنجیران و
لێوە لەرەی گەرم گەرم،
دەکەوێتە سەر ڕانی بریندار سوارچاکەکان.

لە دەمی ڕۆژاوابووندا
فریشتەی ڕەش دەخولێنەوە
فریشتەی کەزیی درێژ و
دڵ لە ڕۆن.

## چیرۆکی خەو ڕۆیەک

سەوزەکە، بەسەوزیم دەوێی.
با سەوزە، چڵە دار سەوزن
کەشتی لە دەریادایە
ئەسپیش لە چیایە.
کچ لە باڵکۆنەکەیدا خەونە بینێ و
سێبەر لەسەر کەمەریەتی،
لەشی سەوز و پرچی سەوز و
چاو لە زیوێکی فێنکە.
سەوزەکە بەسەوزی خۆشم دەوێی.
لەژێر مانگی قەرەجانەدا
شتان بۆ چاوی دەڕوانن
بەڵام ئەو نایانبینێ.
هۆ سەوزەکە! ئای چەند بە سەوزیم خۆش دەوێی!
ئەوا ئەستێرەی زل زلی بەفر
لەگەڵ ماسیی تاریکی دێن
ڕێ بۆ بەرەبەیان دەکەنەوە.[١]

---

١. ئەوا گوڵە شەختەی گەورە
لەگەڵ سێبەری تاریک دێن
(ئەمە لە دانەیەکی تردا وا هاتووە.)

دارهەنجیر بە مەخمەڵی لکەکانی
رووی هەواکەی دەسڕێتەوە.
چیاش وەکو کتکێکی مەکرۆ
تووکی (صوبێری)* کاڵی بە با دەکات.
بەڵام ئەوە کێیە هات؟ لە کوێوە هات؟
کچە لەسەر باڵکۆنەکەی
ئانیشکی داداوە و خەون
بە دەریای تاڵەوە دەبینێ.

– هۆ کاک! با ئاڵوگۆڕێک بکەین:
خانووەکەت بە ئەسپەکەم،
ئاوێنەکەت بە زینەکەم،
سەرکەواکەت بە چەقۆکەم،
ئەی برادەر، بە درێژاییی ڕێی (کابێرا)
خوێن لە برینم دەچۆڕێ

– لاوۆ.. خۆزگە دەمتوانی ئەم سەودایە بکەم.
بەڵام نە من منی جارانم
نە خانووەکەم هی من ماوە.

– هۆ کاک.. دەمەوێ بمرم
سەربەرزانە لەسەر دۆشەک
بەڵکو لەسەر چارپایەکی ئاسن و
سەر دۆشەکی لە کەتانی هۆڵەندی بێت.

---

* صوبێر: جۆرە دڕکێکی گەورەیە.

برینەکەم سەیر ناکەیت
لە ناوکەوە تا گەردەنم؟

- بەڵێ سێسەد سوور گوڵ
لە کراسی سپیت نەخشاوە.
هەڵاوەی خوێنت لە دەوری
پشتێنەکەتدا دەپرژێ
بەڵام من منی جاران نەماوم
ماڵەکەشم ماڵی من نەماوە.

- دە ڕێم کە بچمە سەر
باڵکۆنە بڵندەکان
ڕێم کە سەرکەومە سەر
باڵکۆنە سەوزەکان
باڵکۆنەکانی مانگ،
لای خوڕەی ئاو.

ئێستا هەردوو هاوڕێ
سەردەکەونە باڵکۆنە بەرزەکان
ڕێچکەیەک خوێن بە داویانەوە
ڕێچکەیەک فرمێسک جێ دەهێڵن.

وردە فانۆسی تەنەکە
بەبنی بانەوە لەرزین
هەزار دەفەی بللور
بەربەیانیان بریندار کرد.

سەوزە بە سەوزیم خۆش دەوێی
بایەکی سەوز، لک و پۆپی سەوز.
هەردوو هاورێ سەرکەوتن
رەشەبا تامێکی سەیری
لە دەم هەڵسوون..
تامی مازوو، نەعنا و رەیحان.

– هاورێ پێم ناڵێی کچەکەت
کوا لە کوێیە؟
ئای چەند چاوەڕوانیی کردیت
ئای چەندە چاوەڕێیە بۆ
روویەکی سارد
پرچێکی رەش.
لەسەر ئەم باڵکۆنە سەوزە
لەسەر ئاوی حەوزەکەوە
کچەی قەرەج بەلادا چوو
لەشێکی سەوز و پرچێکی سەوز و
دوو چاوی زیوی سارد.
باسکێکی بەفرین شۆڕ بووەوە
لە مانگەوە
بۆ سەر ئاوەکە دەستی گرت.
پاشان شەو وەکو پێچی کۆڵانێکی لاچەپ
دەستەمۆ بوو
پاسەوانانی میللی بە سەرخۆشی

هاتن و دەرکەیان کوتا.
سەوزەکە! بە سەوزیم خۆش دەوێی.
باکە سەوزە.
چڵ و پۆپی داریش سەوزن.
کەشتی لە دەریادایە و
ئەسپ لەسەر چیایە.

## ژنەی ناپاک

جا بردمە دەم رووبارەکە
لام وا بوو کچە
کەچی ژن و مێرددار دەرچوو.
ئەمە شەوێکی سانتیاگۆ بوو
هەروەک بووبێتە ئەرکێکی داسەپاو.
چراکانی شەقام کوژانەوە.
زیکەزیکی سیسرکان دەنگی دایەوە.
لە دوورترین پێچی شەقام
دەستم دا دوو مەمکی نوستووی
لە پڕ لە بۆم گەشانەوە
وەکو وردە لاسکی زەمەق،
کراسی نیشاستەکراوی
ورشەکەی هەروا لە گوێمە
دەڵێی پارچە ئاوریشمێکە
دە چەقۆ دەیدڕێنن.
دارەکان، بەبێ رووناکییەکی زیوین لە پۆپەیاندا
کەوتنە بالاکردن،
ئاسۆی چەند سەگێکی وەڕیو
دوور لە رووبارەکەوە.

له دوا تووترِک و
قامیشەڵان و دارگێوژ،
لەژێر کەزیی سەر و پەرچەمیدا
چاڵێکم لە نەرمە لم هەڵکەند.
یاخەکەم لە ملم ترازاند
ئەویش کراسی خۆی داکەند،
پشتێن و دەمانچەکەم دانا
سنگی خۆی رووت کردەوە.
نە عەنبەر و نە سەدەف
پێستی ئاوا پاکیان نییە،
ئاوێنەی بەردەم مانگیش
ئەو شەوقە جوانەی نییە،
دوو رِانی وەکو ماسییەکی سرک
لەنێو دەستمدا هەڵخلیسکان
لایەکی پرِ کڵپەی ئاگر
لایەکەی دی بەفر و تەرزە.
ئەم شەوە بەسواری ماینێکی مەحار*
بەبێ لغاو یان هاوزەنگی
لە جوانترین رێدا کەوتمە غار
نامەوێ، وەکو پیاوێک، ئەوە بڵێم
کە پێی گوتم.
رِووناکیی ئاوەز** و ژیری

* مەحار: لەپکە ماسی.
** ئاوەز: ئەقڵ.

لە بەرێز بەرزتری کردم.
لە رووبار دوورم کردەوە
لەشی لە لم و ماچ وەرچوو.
شمشێری گوڵە زەمەقان
کەوتنە شەڕ لەگەڵ هەوادا.
ئەوەی کردم
کردار و رەوشتی قەرەجێکی رەسەن بوو.
هەگبەیەکی گەورەی قوماشی
کا - رەنگم
پێشکەش کرد و
نەمویست خۆشەویستی بکەم
چونکە ئەو، سەرەڕای ئەوەی مێردداربوو،
گوتی: کچم
منیش هێنامە دەم رووبارەکە.

## چیرۆکی خەمی ڕەش

کەڵەشێران دەندووک دەکوتن
لە بەرەبەیان دەگەڕێن،
کاتێک (سولیدادی مونتویا)
لە چیای تاریکەوە
دادەکشێتە خوار.
لەشولاری زەردەمسی
بۆنی ئەسپ و سێبەر پێوە.
دوو مەمکی دوو دەسگای تاریک
بە گۆرانیی باوەوە دەناڵن.

– ئەرێ سولیداد، بە تەنیا و لەم وەختەدا
بە دوای کێ وێڵی؟

– بە دوای هەر کەسێک
تۆ چیت پێدایە؟
دێم ئەوەی دەمەوێ لێی بگەڕێم
لە خۆم و لە شادمانیم

– هۆ سولیداد خەمی من
ئەسپی سەرکەشە لە غاردا
دوایی دەگاتە دەریایەک

شەپۆلەکان قووتی دەدەن.

– دەریام بەبیر مەخەرەوە
چونکە خەمە رەشەکە
لە باخی دارە زەیتووندا
لەبن ورشەی درەختاندا هەڵدەقوولێ.

– ئای سولیداد خەمی تۆ چەندە بە ژارە
چ خەمێکی پڕ ئازارە!
تۆ بە چاوەڕوانی و بەدەم
دڵۆپ دڵۆپی ترشی لیمۆ
بە فرمێسک هەڵدەڕێژی.

– ئای چەند خەمبارم
لەناو ماڵدا هەروەکو شێت دێم و دەچم،
هەردوو کەزیم لەسەر زەوین
لەسەر جێوە بۆ چێشتخانە
ئای لەو خەمە!
لەشم، جلکم وەک قیر ڕەش بوون.
ئای! ئەی کراسە کەتانەکانم!
ئای! ئەی دوو ڕانی سووری وەک گوڵاڵەم!

– سولیداد، لەشولارت
بە ئاوی (کڵاوە کوڕان)* بسمیل بکە

* کڵاوە کوڕە: مەلێکی بچووکی کڵاو لەسەرە.

دەبا دڵت سەلامەت بێ، ئەی سولیدادی مونتویا
لە قەدپاڵدا وا رووبار گۆرانی دەڵێ:
لەرزینی ئاسمان و پەلکان.
رۆشنیی نەوزاد تاجی خۆی
لە گوڵی (کدوو)* دروست دەکات.
ئاخ ئەی خەمی قەرەجان!
ئەی خەمی پاکی تا سەر تاک
ئەی خەمی رێگەیەکی نهێنی و
بەیانییەکی دوور!

* کدوو: کوولەکە.

## سان گابراییّل

«ئیشبیلیه»

لاوێکی باریکەلەی جوان،
ناوشان چاڵ و ناوقەد باریک،
پێستی سێوێکی شەوانە،
دەمێکی خەمگین و دوو چاوی گەش،
دەماری سەری لە زیوێکی ئاگرین،
لە شەقامی چۆلدا پیاسە دەکات.
پێڵاوی بەبریقەی
(دالیا)ی هەوا بەترپەیەکی دوولانەی
کورتە ئاوازی ئاسمانی
داگیر دەکات.
نە دارخورمایەکی کەنار دەریای دەگاتێ،
نە ئیمپراتۆرێکی تاج لەسەر،
نە ئەستێرەیەکی سەرسام
کاتێک سەری دەخاتە سەر سنگی بۆری
شەو بەدوا دەشتان دەکەوێ
بە ئومێدی چەمانەوە.
گیتارەکان تەنیا و تەنیا دەنگ هەڵدەبڕن
بۆ سان گابرایێلی سەرۆکی فریشتان،

هۆگری پەپوولەی سپی و
ناحەزی زەرد.
– سان گابرایێل! ساواکە
لەناو زگی دایکییەوە دەگری
لە بیرت نەچێ قەرەجان جلکیان پێشکەش کردیت.
ئەنونتیاتیون دی لوس ریێس،
بە تریفەی مانگ دەوڵەمەندە، بە جلوبەرگ هەژارە
دەرکە بۆ ئەستێرە دابەزیوەکەی
سەرشەقام دەکاتەوە.
سان گابرایێلی سەرۆکی فریشتەکان
نەوەی خیرالدای مەزن.
لە نێوان زەمەقێک و خەندەیەکدا
بۆ سەردان هاتبوو.
لە پاڵتۆ نەخشاوەکەیدا
سیسرکەی لەرزۆک مت ببوون.
ئەستێرەگەلی شەو
ببوونە زەنگ و زەنگوڵە.
– سان گابرایێل، ئەوەتا من
بە سێ بزماری شادییەوە.
شۆخ و شەنگیت لەسەر رووی
شەرمنم یاسەمین پەخش دەکات.
– ئەی ئەنونتیاتیون! خودا یاریکارتە
ئەی کچە سەوزە رەنگەکەی پەرچۆ*

* پەرچۆ: موعجیزە.

کۆرپەیەکت بە زگ دەکەوێ
لە شنەی شەماڵ جوانتر.
– ئاخ! ئەی سان گابراییل، چاوەکەم
ئەی گابراییلۆ ژیانەکەم.
خەو بە کورسییەکی مێخەکەوە دەبینم
تا لەسەری دانیشیت
– خوا یاریکارت بێ، ئەی ئەنونتیاتیون
ئەی بە تریفە دەوڵەمەند و بە جلک هەژار
منداڵەکەت خاڵێک و سێ گرێی
لەسەر سنگی دەبێت.
– ئاخ، سان گابرایێلی شۆخ و شەنگ!
ئەی گابراییلۆی ژیانم
لە ناخی مەمکمەوە
ئێستا شیری گەرم هەڵدەقووڵێ.
– خوا یاریکارت بێ ئەی ئەنونتیاتیون
ئەی دایکی بەسەدان خێزان
چاوت بە وشکی و قاقڕی
ئاسۆ گەلی جەردە و ڕێگران ڕووناک دەکات.

منداڵەکە لە منداڵدانی
ئەنونتیاتیون ترساودا بەستە دەڵێ.
سێ دەنکە شەکرە باوی*
لە دەنگی بچووکیدا بەلادا دەچن

* شەکرە باوی: بادەمی سەوز.

ئێستا سان گابرایێل لە ئاسماندا
بە پەیژەیەک سەر دەکەوێ.
ئەستێرەگەلی شەو
وا نەمر بوون.

## دەستگیرکردنی ئەنتونیوی کامبوریۆ زاد

لەسەر رێی ئیشبیلیە

ئەنتونیوی تۆریس هێریدیا
کوڕی بنەماڵەی کامبوریو و نەوەیان،
داردەستێکی داربی بەدەستەوە
بەرێوەیە بۆ ئیشبیلیە، بۆ سەیری گاگەل
بە ئەسمەریی مانگی سەوزەوە
لەسەرخۆ و سەربەرز دەڕوا
کلافەی پرچی لووسی
لە نێوان هەردوو چاویدا دەبریسکێنەوە.
لە نیوەی ڕێدا
ئەوەند دەنکە لیمۆی چنی و بە ئاوی دادا
تا ئاوەکەی کردە زێڕ.
لە نیوەی ڕێدا
لەبن چڵی چنارێکدا
پاسەوانانی میللی
بە ئانیشکی بەستراوەوە
پێش خۆیان دا.
رۆژ بەکاوەخۆ* هەڵدەکشا

---

* بەکاوەخۆ: سەبر سەبر.

ئێوارەش، بەسەر شان هەڵواسراوەوە
هەنگاو دەنێ، هەنگاوی درێژ
بەسەر دەریا و جۆگەلاندا.
باخی زەیتوون چاوەڕوانیی
شەوی کابریکۆرنیو دەکەن..
کزە بایەکی کورتی سارد
بەسەر گردە شینەکاندا هەڵدەبەزێ
ئەنتونیو توریس هیریدیای
کوڕی بنەماڵەی کامبوریو و نەوەیان
بەبێ داردەستی دارە بی
دێتە نێو پێنج سەرکڵاوە سێ سووچەکان..
ئەنتونیو! تۆ کێی؟
ئەگەر لە بنەماڵەی کامبوریو بای
کانییەک دەبووی بە پێنج چاوە
خوێناوت هەڵدەقووڵاند.
تۆ نە رۆڵەی کەسیت و
نە لە پشتی کامبوریوشیت.
ئەو قەرەجانە رۆیشتن
کە بەتەنیا هەردە پەرستی دەکەن.
ئەو کۆنە چەقوانە لەژێر خۆڵدا دەلەرزن.
لە کات نۆی ئێوارەدا
گۆدەبەند بردیانە زیندان
سەربازانی پاسەوانی میللیش
شەربەتی لیمۆ نۆش دەکەن.

هەر لە کات نۆی ئێوارەدا
دەرکەی زیندانی لێ داخرا
کاتێک ئاسمان
وەک کەفەڵی جوانە ماینێک
دەبریسکایەوە.

## كوژرانی ئەنتونیوی کامبوریۆ زاد

لە کن رووباری (گوادای گەورە)
دەنگ و هەرای مردن دای لە هارِژن،
ئەو دەنگە رەسەنانەی
لە سورِ مێخەکێکی مرۆڤانە ئالاْون.
پێلاوەکانیان
بە قەپی بەرازە کێوییەک درِان
کە وەکو دولفین نەرموشل
لە شەرِدا بازی دا.
بە خوێنی دوژمنان
بۆیمباخە ئاڵەکەی رەنگ کرد،
ئاخر چ بکا؟ ئەوە چوار خەنجەرە و
دەبێ بێدەنگ بێت.
کاتێک ئەستێرەگەل رمبەکانیان
لە ئاوە کەوەرِەنگەکان دەچەقێنن،
کاتێک جوانەگاکان
خەو بە فیرونکای گوڵە شەوبۆوە دەبینن*
دەنگەدەنگی مردن

---

* ئەمە وێنەیەکی بەزمی شەرِەگایە، کەوا پاڵەوانەکە خولێک دەدا و عەباکەی لە بەرچاوی گایەکە هەڵدەتەکێنێ.

لەلای (گوادای گەورە)وە دای لە هاڕژن.

– ئەنتونیۆ توریس هێریدا
ئەی کامبوریویەکی رەسەن
ئەی ئەسمەرییەکەی مانگی سەوز
ئەی دەنگی مێخەکێکی ئادەمییانە
کێ لای (گوادای گەورە)وە
دواییی بە ژیانی هێنای؟

– چوار ئامۆزا هیریدییەکانم
کوڕانی (بینا میخی).
ئەوەندەی خەڵکی تر
چاویان بە من هەڵنەدەهات.
پێڵاوێکی رەنگ مێوژی
چەند ملوانکەیەکی عاجین
ئەو پیستەی بە زەیتوون و
بە یاسەمین بۆن و بەرامەگرتوو..

– ئاخ ئەنتونیۆی کامبوریۆ زاد!
ئەی شایانی ژنە ئیمپراتۆرێک
بیر لە (مریەم) بکەوە..
ئەوا بەرەو مردن دەچیت

– ئاخ فیدیریکو گارتیا!
پاسەوانی میللی بانگ کە.
وا کەلەکەم وەکو لاسکە گەنمەشامی

تێک شکاوە.
سێ قوڵپ خوێنی لێ هەڵقووڵا
بەسەر لادا کەوت و مرد.
ژیانێکی تاقانە ژیا
هەرگیز ملکەچ نەبوو.
فریشتەیەکی بەناز بوو
سەری بەردایەوە سەر سەرین.
ئەوانی تر، بەشەرمەزاریی قورسەوە،
چرایەکیان داگیرساند.
کاتێکیش چوار ئامۆزاکە
گەیشتنە (بینا میخی)
دەنگەدەنگی مردن کپ بوو
لای (گوادای گەورە)وە.

## بەیتی پاسەوانی میللیی ئیسپانی

ولاخیان رەشە.
نالّی ولاخەکانیان رەشە.
بەسەر پالّتۆکانیانەوە
پەڵەی مەرەکەب و مۆم دەبریسکێتەوە.
هەیانە، بۆیە ناگرین، کەللەی قورقوشم.
بە گیانی چەرمینەوە
رێگا دەبڕن
پشت قەمبوور و شەوانین،
بۆ هەر کوێ بچن
سرەوتی لاستیکی رەش و
مەترسیی لمێکی گەییو
دەسەپێنن.
دەپەڕنەوە، ئەگەر ویستیان،
لەناو سەریاندا
گەردوونێکی ئالّۆزی
دەمانچەی خەیالّی دەشارنەوە.
ئاخ! ئەی شارەکەی قەرەجان!
ئالا لەسەر پێچی کۆلانانن.
مانگ و کدوو

گێلاسی قوتووکراو.
ئاخ! ئەی شارەکەی قەرەجان!
کێ تۆی دیبێ و بیرت ناکاتەوە؟
ئەی شارەکەی خەم و میسک و
قوللەی دارچینی.

کە شەوەزەنگ رەشماڵی هەڵدا
قەرەجەکان لە کوورەکانیاندا
خۆر و تیریان دادەڕشت.
ئەسپێک بە برینێکی کوشندەوە
دەرکەی هەمووانی کوتایەوە
چەند کەڵەشێری بلوورین
بۆ (خێرت دی لا فرونتیرا)یان خوێند.
(با) لەو شەوەدا، شەوی زیوین
شەوی ساردی ئەنگوستەچاو
رووت بووەوە.

***

مریەم و یوسف قەدیشە
سازەکانیان لێ بزر بوو
بە شوێن قەرەجاندا گەڕان
بەڵکو بۆیان بدۆزنەوە
مریەم دێ کراسی ژنی پارێزگاری
لە کاغەزی شوکولاتە و
ملوانکەگەلی لە بادەم لە بەردایە

یوسف قەدیشەش
لەژێر عەبا ئارمووشەکەیەوە
دەستی رادەتەکێنێ،
لە پشتەوەشی (بدور دومیک)
لەگەڵ سێ سوڵتانی فارس تەکانی دەدا.
مانگی وەک داس خەونی دەدیت
بە کاسیی لەقلەقێکەوە.
چەندین بەیداخ و چەند فانۆس
سەربانەکانیان داگیر کرد.
لە بەردەم ئەلەریادا
سەماسازی بێ سمت دەگریان.
ئاو و سێبەر، سێبەر و ئاو
بەسەر (خیرت دی لافرونتیرا)دا.

ئاخ! ئەی شارەکەی قەرەجان!
بەیداخ بەسەر پێچی کۆلانانەوەن.
رووناکییە سەوزەکانت بکوژێنەوە.
وا پاسەوانی میللی هاتن.
ئاخ! ئەی شارەکەی قەرەجان!
کێ تۆی دیتبێت و یادت ناکات؟
دوور لە دەریا بەجێیان هێشت
بێ شانەیەک پرچی خۆی پێ دابێنێ.

ئەوا دوو دوو بەرەو شاری جەژنان
هەنگاو دەنێن.

نزای نەمران
بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ.
دوو دوو جووتێک
جلوبەرگی شەوانە
هەنگاو دەنێن بۆ پێشەوە.
خەیاڵیان وا بوو ئاسمان
پێشانیی پێشانگایەکی (مامزە) ئاسنەکانە.
شارەکە کە لە ترس رزگاری بوو
دەرگاکانی خۆی ئەژمار کرد.
چل لە پاسەوانی میللی
بۆ تالآنی بە ژوور کەوتن.
کاتژمێران لە کار وەستان،
کۆنیاک لەناو شووشەکاندا
هەروەکو تشرینی دووەم خۆیان گۆڕی
هەتا کەس پێیان نەزانێ.

پۆلە قیژەیەکی بەهێز
لەگەڵ زریاندا هەڵکشان
شمشێر شنەی هەڵەنگوتووی
لە سمی ئاژەڵان، لەت کرد.

لە شەقامە تاریکەکان
پیرەژنە قەرەجەکان
بە ئەسپی خەوتوو و
بە گۆزەی پارەوە هەڵاتن.

به شەقامە لێژەکەدا
پاڵتۆ تاوانبارەکان تێپەڕین
کورتە گێژەنەیەکی مەقەسانیان لێ بەجێ ما.
لەبەر دەرگایەکی گۆشتدا
قەرەجەکان خڕ بوونەوە.
یوسف قەدیشە، بە لەشی پڕ برینەوە
کیژۆڵەیەک کفن دەکات
تفەنگی ئێجگار کەللەڕەق
بە درێژاییی شەو ئارامی لەت لەت دەکەن.
(مریەم) بە لیکی ئەستێران
منداڵان چارەسەر دەکات.
بەڵام پاسەوانانی میللی
هەر دێن و ئاگر تۆو دەدەن
کەوا خەیاڵی تەڕ و بڕ و رووت
ئاگر دەگرێ.
رۆزادی لووسی کامبوریوس
لەبەر دەرکەی ماڵەوەیان
دەگری و دەناڵێ
هەردوو مەمکە بڕاوەکانی
لە دەورییەکدا ڕاکشاون.
کەچی ژنەکانی تر هەڕا دەکەن و
کەزی و پەلکەیان بە دواوەیە.
لە کەشێکدا گوڵی بارووتی رەش

دەتەقنەوە.
کاتێک هەموو سەربانەکان
لەسەر زەوی کەڵەکە بوون
بەرەبەیان لەسەر سێبەری درێژی
بەردێک شانی خۆی راتەکاند.

ئاخ! ئەی شاری قەرەجەکان!
ئەوا پاسەوانی میللی
لە کەندرێکی بێدەنگیدا
رەت دەبن
تۆش ئاگر دەستەوملانتە.

ئاخ! ئەی شاری قەرەجەکان!
کێ تۆی دیبێت، تۆی بیر دەچێت؟
هەر لەسەر ناوچەوانمی
ئەی یاریگاکەی مانگ و لم.

**تەمارا و ئەمنون**

بەسەر دەشتی وشک و برینگێندا
مانگ لە ئاسماندا سەرەخولێیەتی
لە کاتێکدا هاوین
نزای گڕ و پڵنگ دەپژێنێ.
لەسەر بن بانەکانیش
دەماری لە کانزا دەزرنگێنەوە.
بایەکی هۆنراوە
لەگەڵ بارەباری کاورێک هەڵی کرد.
زەوی داپۆشراو بە برینی.
سارێژەوە دەردەکەوێ
یان بە زەبری چزووی
رووناکییە سپییە داخەکان
هەڵدەلەرزێ.

***

تەمارا خەونی بە چۆلەکەوە دەدی
لە گەروویدا بن.
لەسەر نەزمی دەهۆڵی سارد و
گیتاری لە تریفەی مانگدا نوقم.
لەشی رووتی لەسەر پەروازان،

پەنجە شادەی ناولەپێکی تەنک
بەستەی بەفری سەرزگی و
تەرزەی سەرشانی دەچڕی
تەمارا بەڕووتی لەسەر باڵکۆن
گۆرانیی دەگوت،
پێنج کۆتری ڕەقهەڵاتووی
لەبەر پێدا،
(ئەمنون)ی قەد باریکی پتەو
لەسەر قوللەوە تێی ڕوانی
هەردوو لاتەرۆکی کەفیان دەچەراند.
چەناگەشی کەوتە لەرزین
ڕووتیی پرشنگدەری تەمارا
باڵکۆنەکەی پڕ کرد،
تیرێکی باڵ گرتووش
لە نێوان ددانەکانیدا
گڤەی دەهات
ئەمنون لە مانگی خشتی سەر ئاسۆی دەڕوانی،
لە مانگەکەشدا مەمکی خڕی
خوشکەکەی خۆی دەبینی
***
لە سێ و نیودا
ئەمنون لەسەر نوینەکەی ڕاکشا
هەرچی لە ژوورەکەدا بوو
پەرۆشباری باڵەفڕکەی پێڵووەکانی بوو.

ڕووناکیی پتەو
چەند گوندێک لە ملی بۆردا دەنێژێ
یان وردە مەرجانێک لە گولووک و
لە دالیا بە دەردەخا.
ئاوی ماندووی بیر بەبێدەنگ
دەڕژێتە گەرووی گۆزەکان.
لە قەوزەی قەدی دارانیشدا
مارێکی خشیو دەخوێنێ
ئەمنون لەژێر لێفەی سارددا
دەینالآند
لاولاوەی لەرزێک بەسەر لەشی
سووتاویدا دەکشێ.
تەمارا بێ هەست و خوست
هاتە ناو ژوورە بێدەنگەکەوە،
بە ڕەنگی ڕەگی خوێن و (دانووب)،
ماندووی شوێنەوارە دوورەکان.

– تەمارا! بە سپێدەی نەمرت
چاو بسڕەوە
تاڵ تاڵی خوێنم نەخشێک
لەسەر باوەشت دەچنێ.

– وازم لێ بێنە، براکەم
ماچەکانت لەسەر شانم
زەنگەسوورەن، هەڵکردەی بان

لە شمشاڵانەوە گرد و کۆن.

– تەمارا، ئەوا دوو ماسی
لەسەر مەمکی قیتت بانگم دەکەن
لە پەنجەی دەستەکانیشت
لەرە و نزای دەسکە گوڵێک.

***

هەر سەد ئەسپەکەی پاشا
لە حەوشەدا حیلاندیان
ڕێژنەی هەتاو تەنگ بە
ناسکیی مێو هەڵدەچنێ.
ئیتر وا پرچ بە دەست گیران
ئێستا وا کراس دادڕا
چەند دەنکە مەرجانێکی کاڵ
لەسەر نەخشەیەکی قژ زەرد خشتەگەلێک ڕەسم دەکەن.

***

ئای لەو قیژانەی لەسەر سەربانی ماڵان هەستان
ئای لەو خەنجەرە تیژانە و
لەو کراسە دڕاوانە.
لەسەر پێپیلکەی خەم گرتوو
نۆکەران سەردەکەون و دادەبەزن.
داردەست و ڕان
لەژێر هەوری نەجووڵاودا بەزم دەگێڕن
کچانی قەرەج لە دەوری تەمارا

سەردوولکە دەڵێن.
کچانی دیکەش دڵۆپی
گوڵی جوانەمەرگی خڕ دەکەنەوە.
لە ژوورە کلۆمدراوەکەشدا
سەر دۆشەکی سپی سوور بوون.
لەرەی نزای بەرەبەیانێکی بێ هێز
گەلەماسی و کەپری دارمێوان دەگۆڕن،
***
ئەمنون هەڵدێ توورە و بە قین
بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە ڕادەکات.
نۆکەرانیش لەسەر قەلآت و قوللەکان
تیر دەهاوێن.
کاتێکیش چوار ئاوازەکە
بوون بە چوار زایەڵە*
(داوود) ژێی گیتارەکەی خۆی
بەدەمی قەیچی** هەڵبڕی.

* زایەڵە: دەنگدانەوە.
* قەیچی: مەقەس.

# شاعیرێک لە نیویۆرک

## بەرەبەیان

بەرەبەیانی نیویۆرک
چوار کۆڵەگەی قوڕی هەیە
لەگەڵ گەردەلوولی ڕەوە کۆترێکی رەش
کە لە گەناواندا پەلوپۆیان تەڕ دەکەن.

*

بەرەبەیانی نیویۆرک
لەسەر پلیکانە پانەکان دەناڵێنێ
لە رەفەکاندا بە دوای گوڵە سونبولی
تۆقینی نەخشاودا دەگەڕێ.

*

بەرەبەیان ئەنگووت کەسیش دەمی بۆ ناکاتەوە
چونکە ئەوێ نە سبەینەی هەیە و نە هیوای چاوەڕوانکراو
جاروبار، پارە وەکو زەنگەسوورەی هارکراو
بەدوای منداڵە دەربەدەرەکاندا دەگەڕێت و
قووتیان دەدات.
ئەوانەی هەر لەدایک دەبن، لە ئێسکەوە تێ دەگەن
نە بەهەشت هەیە و نە خۆشەویستییەکی سروشتی،
دەزانن بەرەو قوڕاوی ژمارە و یاسا
بەرەو گەمەی بێ هونەر،

بەرەو رەنجی بێ بەر مل دەنێن.

*

ڕووناکی لەناو زنجیردا خەفە دەکرێ و
هەراوهۆریاش بێ شەرمانە مەیدانداریی
زانستێکی بێ رەگ دەکەن.
کۆمەڵانی شەو بێداریش لە کووچە و لە گەڕەکاندا
بەلادا دێن
هەر دەڵێی تازە لە لافاوی خوێن
دەرهاتوون.

## هەڵبەستێکی دوولانە بۆ گۆمی عەدەن

کۆنە دەنگم
بە شیلەی خەستی تاڵی نەدەزانی.
وا هەست دەکەم لەژێر (قەیتەران)ی*
ئاوداری تورتدا پێیەکانم دەلێستەوە.

هاوار! ئەی دەنگی کۆنە دڵداریم!
هاوار ئەی دەنگی راستەقینەم!
هاوار ئەی دەنگی کەلەکەی کرایەوەم
کاتێک هەموو گوڵەکان لە زمانمەوە پژان
گیاش بە ددانی رەقی ئەسپی نەزانی.

ئەتۆ لێرە خوێنم دەخۆیەوە
سروشتی ماندووی منداڵیم دەخۆیەوە
چاوەکانم لە زریاندا
لە بەردەم ئەلەمنیۆم و دەنگی مەستاندا
خەفە دەبن.

لاچۆ با لە دەرکە تێپەڕم
کەوا هەوا مێرووان دەخوات
ئادەمیش ماسیی شەکەت بەخێو دەکات.

* قەیتەران: جۆرە گیایەکی کێوییە، لە شێوەی بارێزەدایە.

لاچۆ، ئەی کورتەبنەی قۆچدار
با لە دارستانی خۆلەگەزدان* و باویشک و
بازدانی خۆش دەرباز بم.

من رازی نهێنییەکانی
نووکە ڕمی کۆنی رزیو دەزانم
تۆقینی ئەو چاوانەش دەزانم کە
لە رووی دەوریی بەردەست رادەمێنن.
بەڵام من ئەی دەنگی خوایی، جیهانێک
یان خەونێکم ناوێ،
من سەربەستیی خۆمم دەوێ،
خۆشەویستیی مرۆڤانەی خۆمم دەوێ
لە تاریکترین کونجی ئەو شەماڵەدا
کە کەس نایەوێ.
خۆشەویستیی مرۆڤانەی خۆمم دەوێ!

ئەم سەگی دەریاییانە ڕەدووی یەک دەکەون
بایش بۆ قەدی دارانی بێ ئاگا خۆی مات دەدا.
ئەی کۆنە دەنگ، بە زمانت
ئەو دەنگە تەنەکەیە بسووتێنە!

دەمەوێ بگریم، هەر گریانە ئارەزووم
چۆن منداڵان لەسەر کورسیی دوایی دەگرین،
چونکە من نە پیاوم، نە شاعیرم، نە پەلکەدارم

* خۆلەگەزدان: خۆ لێک کێشانەوە.

من ترپەی برینداریێکم دەست لە لایەکەی تر دەدات.

دەمەوێ بگریم، جاڕ بدەم: ناوی خۆم و
گوڵ و منداڵ و دار (هەڤریسک)ێک* لەسەر
کەناری ئەو گۆمە
دەمەوێ بە راستەقینەی پیاوەتی لە کوڵم بدوێم
کە لە ناخمدا تەوسی وشە و ماناکەی دەکوژێنێتەوە.

نا، نا، نا من ناپرسم، من حەز دەکەم
ئەی دەنگی بەرەڵڵام، دەستم بلێسییەوە.
رووتیم لە گێژاوی بەربەستەکاندا
ڕووبەڕووی ئاوێنەی سزا و سەعاتی گەورەی
کەوەڕەنگ دەبێتەوە.
ئاوەها قسەم دەکرد
ئاوەها قسەم دەکرد کاتێک (زوحەل)
تابوورەکانی راگرت.
ئەوسا سەرسامی و خەون و مردن گشت
بەدوای مندا دەگەڕان..
بەدوای مندا دەگەڕان، لەوێ کە مانگاکان
بۆڕەدارن، پێیان لە رۆژنامان دەچن،
کەوا لەشم بە هاوسەنگیی سەراو کەوت.

---

* هەڤریسک: شربین (جۆرە دارێکە).

## هەڵبەستێک بۆ وولت ویتمان

لەسەر بەستی رووباری رۆژهەڵات و برۆنێکس
گەنجان تا ناوقەد رووت گۆرانییان دەگوت،
بە ڕەوڕەوە، رۆن، پێست و چەکوش
نەوەت هەزار کانە زیویان لە بەردان دەرهێنا
هێشتا منداڵانیش پەیژە و مەوداکان وێنە دەکێشن.

بەڵام کەس حەزی لە نوستن نەبوو،
کەس حەزی نەدەکرد ببێتە رووبار،
کەس پەلکی گەورە گەورەی داری بەدڵ نەبوو
کەس باسکە کەناری شینی بە دڵ نەبوو

لەسەر بەستی رووباری رۆژهەڵات و کوینز بورو
گەنجان بە گژ پیشەسازیدا دەچوون،
جوولەکەکانیش خڵتەی رووباریان دەفرۆشت و
گوڵی خەتەنە
ئاسمان گاڕانێک مانگا کێویی رەشەبا ڕاداوی
بەسەر پرد و سەربانانددا هەڵڕژاند.
بەڵام کەس نەیدەویست بووەستێ،
کەس نەیدەویست ببێتە هەورێک،
کەس نە لە (قەیتەران)ی* دەپرسی

* قەیتەران: سەرخەس (گیایەکە).

نە لە کەمەی زەردی دەفەش.
کە مانگ دەردەکەوێ
خلۆکەکان دەخولێنەوە هەتا ئاسمان شەق دەبات
پەرژینێک دەرزی دەوری بیرەوەری دەدات
تەرمەکانیش ئەوانە دەبەن کە کار ناکەن.

هۆ! نیویۆرکی شەرم،
هۆ نیویۆرکی تەلبەند و مردن،
چ فریشتەیەکت لە کوڵمی خۆتدا ناشتووە،
چ دەنگێکی راستەقینە راستییەکانی گەنم دەگێڕێتەوە
لە خەونی تۆقێنەری گوڵاڵە خۆڵاوییەکانت؟

ئەی پیری بەڕێز وولت ویتمان، ساتێک نەوەستای
لە سەیرکردنی ردێنە پڕ لە پەپوولەکانت،
یان هەردوو شانە تووکنەکەتی بە مانگەوە ماندوو
یان دوو لینگەکانت، لینگی ئەپولۆی پاکژ،
یان دەنگەکەت کە دەڵێی ستوونێکە لە خۆڵەمێش،
وەکو چۆلەکە ناڵاندت
رەسەن و جوان وەک تەمومژ
رەگەزیش بەدەرزییەک چەسپا
ئەی دوژمنی خواکانی هەوەسبازی
ئەی دوژمنی تووڵە مێوان و
دڵخوازی لەشولاری ژێر کراسی جاوی رەق
نە یەک چرکە ئەی جوانییەکی پیاوانە
لە چیاکانی رەژوو و جاڕنامە و هێڵی ئاسندا

خەوت بەوەوە دەدیت ببیتە رووبارێک و
وەکو رووبار بخەویت
لەگەڵ ئەو برادەرەی کورتە حەسرەتی
پڵنگێکی گەوج بخاتە ناو سنگت.
نە یەک چرکەش ئەی ئادەمی خوێن و نێرگوارە
ئەی پیاوی تاقانەی دەریا، پیری رووجوان
ئەی وولت ویتمان،
چونکە نێرەمووکان لە جادەکاندا،
لە مەیخانەکاندا کۆمەڵ بوون،
بە ڕەوە لەژێر پردەکاندا تەکان دەدەن
لەژێر لینگی شوفێراندا هەڵدەلەرزن
یان لەسەر شۆستەکانی (ئەبسەنت) دێن و دەچن
ئەو نێرەمووکانە، هۆ وولت ویتمان، خەوت پێوە دەبینن.

ئەمەش هەروەها! هەروەها!
خۆ دەکوتنە سەر ردێنە بەبریقە پاکەکەت:
قژ زەردانی ژووروو، زەنگییەکانی* لیمەران**
کۆمەڵانی دەم بە هاواری چەمووش
دەڵێی کتکن یاخۆ مارن
نێرەمووکان، هۆ وولت ویتمان، نێرەمووکان
کەوا پڕن لە فرمێسک، گۆشتن بۆ قامچیی
رامکەران و سۆلەکانیان یان گەزینیان.

***

* زەنگی: رەشپێست.

** لیمەران: زەویی لمین.

ئەمەش هەروەها! هەروەها! ئەنگوستە پیسبووەکان
ئاماژە دەدەن بە خەونەکەی تامگرتووی پەترولت
لە کاتێکدا هاوڕێیەک سێوەکەت دەخوات
هەتاویش لە دەوری شوورەی
کوڕانی بەزمگێڕی ژێر پردەکان گۆرانی دەڵێت.

***

بەڵام تۆش نە لە چاوە رووشاوەکانت پرسی
نە لە زەلکاوی قیرِی رەشیش کە منداڵان نوقم دەکات،
نە لە لیکی تەزیویش،
نە لەو برینە پێچدراوانەی وەکو زگی بۆقان –
کە نێرەمووکەکان لە عەرەبانە و باڵکۆنەکان هەیانە.
لە کاتێکدا مانگ لە گۆشەکانی تۆقیندا دارکارییان دەکات.
لە رووتییەکت پرسی کە وەکو رووبار بەدەرەوە بێت،
گایەکیش، خەونێکیش ڕەوڕەوە بە قەوزە هاوجووت بکات
باوکی لرخەلرخەکانت و (کامیلیا)ی مردنت
لە بلێسەی هێڵی ئیستیوایی نادیاری
تۆدا لە گریاندا بوو.

***

چونکە پیاو لە دارستانی خوێنی سبەینەدا
لە شادمانیی خۆی ناپرسێت.
لە ئاسماندا کەناراوی وا هەیە تێیاندا دەربارەی ژیان
پێشان دەدرێت.
لەو لەشانەش کە ناکرێ دروست کرێنەوە لە بەربەیاندا.

خەم، خەم، خەون، هەڵچوون و خەون.
ئەمە دنیاکەیە، ئەی دۆستی خۆم، خەم و خەم.
مردووان لەژێر کاتژمێرەکانی شاراندا دەڕزن
شەڕیش بە هەزار مشکی بۆرەوە بەگریانەوە ڕەت دەبێ،
دەوڵەمەندانیش ساوای بە بریسکەی سەرەمەرگ
بە دیاری دەدەنە دۆستەکانیان.
ژیانیش نە دڵاوایە و نە چاکە مرازە و نە پیرۆزە
بۆ پیاو هەیە ئەگەر ویستی، لە دەمارە خوێنهێنەری
رووتی مەرجانی یان ئاسمانی
ئارەزووەکەی خۆی بڕانێ*.
سبەینێ پیاوەتی دەبێتە بەردێک، رۆژگاریش
شنە شەماڵێکە خەوتووانە لەسەر لکان هەڵدەکات.
بۆیە، ئەی وولت ویتمانی گەورە
لەو کوڕیژگەیە تووڕە نەبووم کە ناوی
کیژۆڵەیەکی لەسەر سەرینەکەی نەخش کردبوو،
لەو گەنجەش هەروەها کە لە تاریکیی کانتۆردا
کراسی بووکان لەبەر دەکات.
هەروەها لەو داماوانەش کە لە (مەلهاکاندا)
بە بێزەوە ئاوی لەشفرۆشی دەخۆنەوە.
هەروەها لەو پیاوە نیگا سەوزانەش
کە حەز لە پیاو دەکەن و بەبێ دەنگی
لێوی خۆیان دەسووتێنن

---

* بڕانێ: لێخوڕێ.

بەڵکو من لە ئێوە توورەم، بەڵێ، ئەی نێرەمووکانی شار
ئەی گۆشت ئاوساو و ئاوەز پیسینە،
ئەی ئاوەڕۆی چڵپاو و ئەی چاوبرسینە.
ئەی دوژمنە بێدارەکانی ئەو خۆشەویستییەی
دەسکە گوڵی شادی پێشکەش دەکات.

***

لە ئێوە هەمیشە بەقینم کە دڵۆپ دڵۆپی
مردنی شێلوو لە ژەهرێکی تاڵدا
دەدەنە گەنجان؛
سوارچاکێک لە ئەمەریکای ژوورووەوە
با گاروس لە هاڤانەوە
گوتوس لە مەکسیکەوە
سارازاش لە قادسەوە
ئاپیوس لە ئیشبیلیەوە
کانکۆس لە مەدریدەوە
فلوراس لە ئەلیکانتەوە
ئارلایداس لە پورتەگالەوە
ئەی نێرەمووکانی تەواوی جیهان، کۆترکوژان!
دیلی ژنان، سەگی سەرجێیان،
کە لە گۆڕەپانەکاندا بە باوەشێنەوە بڵاو بوونەتەوە
یان لە کێڵگەی (گادەمە)ی* سەرمابردوو
خۆیان مات داوە
دەی با هەموو باخچە لە ناوبچن!

* گادەمە: شوکران، جۆرە گیایەکی تاڵە.

مردن لە چاوتانەوە سەرڕێژ دەبێ و
گوڵی کەوەڕەنگ لەسەر کەناری قوڕاو
کەڵەکە دەکات.
دەی با هەموو قۆنگرەی سوپا لە ناوبچن! وریا بن
با سەرسامان و پاک رەوشتان و کەس نەیاران* و
پیاوچاکان و دوعاکاران
لە رووتاندا دەرکەی بێ رەوشتی داخەن.

تۆش ئەی وولت ویتمانی جوان،
لە کەناری هەدسون بخەوە و
ردێنەکەت رووی لە جەمسەری زەوی بێت و
هەردوو دەستت پانکراوە بن.
دەنگی تۆ، وەک سواڵەتێکی** شیرین یان بەفر،
هێشتا بانگی هاوڕێیان دەکات بۆ ئەوەی
لە ئاسکەکەی بێ کەلەشت سڵ بکەن.

بنوو، هیچ شت نەمر نییە
سەمایەکی دیواران مێرگان دەلەرزێنێ
ئەمەریکاش خۆی بە ئامێر و فرمێسکان نوقم دەکات.
بایەکی بە تەوژمی قووڵترین شەوم دەوێ
تاکو گوڵ و وشەگەل لە گۆڕەکەت
هەر کوێ دەنووی ڕابماڵێ،
لەگەڵ کوڕێکی زەنگی کە بە سپیپێستانی

* کەس نەیار: مترّمت.
** سواڵەت: خەزەف.

لە زێرِ گووراو رادەگەیەنێ
ئەوا مەملەکەتی گوڵەگەنمان بەڕێوەیە.

## هەڵبەستێکی بچووکی بێ دوایی

له هەڵەکانی رێگادا
گەیشتنه به بەفر،
گەیشتنه بەفریش
ئەوەیه بیست سەدە ئاگاداریی گیای گۆڕستانان بکەیت.

له هەڵەکانی رێگادا
گەیشتنه به ژن،
ژنێک که له رووناکی ناترسێت،
ژنێک به چرکەیەک دوو جووجکەی مریشک بکوژێت،
رووناکییەک که له جووجکان ناترسێ
جووجەڵانێکیش ناتوانن لەسەر بەفر قیژە بکەن.

بەڵام ئەگەر بەفر دڵی هەڵبوارد
رەنگە بای دەبوور* هەڵبکات.
مادام هەواش گوێ به ئاخ و ئۆف نادات
بۆیه دەبێ بگەڕێینەوە تا ئاگاداریی گیای
گۆڕستانان بکەین.

دوو گوڵەگەنمی خەمباری شەمێکردم دیت
دیمەنی گڕکانانیان دەناشت

* دەبوور: بای باشوور.

دوو منداڵی شێتیشم دیت
دەگریان و یارییان بە گلارەی چاوی پیاوکوژێک دەکرد.
کەچی (دوو) هەرگیز ژمارە نەبووە
چونکە خەم و سێبەرەکەیەتی
چونکە گیتارێکە کاتێک خۆشەویستی بێ هیوا دەبێت.
چونکە بورهانێکە لەسەر دواهاتنێکی دی کە هی ئەو نییە.
چونکە شوورەکانی مردنە و
تۆڵەی ژیانەوەی سەرلەنوێی هەتا هەتایە.
مردوو رقیان لە ژمارە دووە،
بەڵام ژمارە دوو ژنان بۆ نوستن بانگ دەکات.
مادامێک ژن لە رووناکی دەترسێ
رووناکییش لە بەردەم جووجکەکاندا دەلەرزێ
جووجکەکانیش تەنیا خۆیان دەزانن
چۆن لەسەر بەفر بفڕن.
بۆیە دەبێ هەتا هەتایە ئاگاداری گیای
گۆڕستانان بکەین.

## شیوەنی ئەگناتیۆ سانشێت میخیاس

١٩٣٥

١- تەکان و مردن

لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
بەڵێ پێنجی تەواوی زەردەی ئێوارە
کوڕیژگەیەک سەرپۆشە سپییەکەی هێنا.
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
دەسکێک (سنجوو)* ئامادە کرا
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا،
با لۆکەی پەخشان کرد.
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
ژەنگ لە بەللوور و تەنەکە لاچوو
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا.
ئێستا کۆتر لەگەڵ بەوردا زۆران دەگرێ.
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
ڕانێک لەگەڵ قۆچێکی** یەکتادایە
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
دەنگ هات.. دەنگە دەنگی بەرز

---

* سنجوو: زەیزەفون (جۆرە دارێکە).

** قۆچ: شاخی ئاژەڵان.

له پێنجی سەرلەئێوارەدا
زەنگوڵەی زەرنیخ و دووکەڵ زرنگانەوە
له پێنجی زەردەی ئێوارەدا
له هەر سەرە کۆڵانێکدا کۆمەڵێکی بێدەنگ وەستاون
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
هەر تەنیا (گا)کە دڵی خۆشە
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
کە چۆڕاوگەی بەفر دەستی پێ کرد
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
کاتێک مەیدان بە یۆد نەخشا
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
ئیدی مردن گەرای له برینەکە دانا
له پێنجی سەرلەئێوارەدا.
له پێنجی تەواوی زەردەی ئێوارەدا
خوێنەکەی تەرمێکە لەسەر رەوڕەوەوە
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
ئێسک و شمشاڵ له گوێیدا دەلەرنەوە
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
ئێستا وا (گا) بەرامبەر ناوچەوانی بۆڕە دەکات.
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
ژوورەوە بە خەفەت رەنگ کراوە
له پێنجی سەرلەئێوارەدا
گەنگەرینا له دوورەوە وا دێ
له پێنجی سەرلەئێوارەدا

کەڕەنایەک لە زەمەق لەسەر هەردوو پاشەڵی سەوزیتی
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
برینەکان هەروەکو خۆر دەسووتان
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
خەڵکەکە پەنجەرەکانیان شکاند
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
لە پێنجی سەرلەئێوارەدا
ئەی هاوار! ئەو پێنجی سەرلەئێوارەیە چەند سەختە!
پێنج بوو لە هەموو کاتژمێرەکاندا
پێنج بوو لە سێبەری زەردەی ئێوارەدا!

٢- خوێنی چۆڕاو

نامەوێ ببینم!
بە مانگ بڵێ دە بابێ،
چونکە من نامەوێ خوێنی ئەگناتیو
لەسەر خۆڵ ببینم.
نامەوێ ببینم!
مانگ تریفە ساردە.
ئەسپی هەورە بێ جووڵەکان،
مەیدانی کەوەڕەنگی خەونی
بە دارەبی پەرژینکراو.
نامەوێ ببینم!
بیرەوەریم وا دەسووتێ
ئێوە کەپری یاسەمین و

خونچە سپییەکانی وە ئاگا بێنن!
نامەوێ ببینم!
چێڵی* جیهانی کەونارە
زمانی خەمباری بەسەر
لمووزێکدا هێنا کە خوێنی پژاوی
سەر خۆڵ تەڕی کردووە.
گاکانی (گیساندۆ)ش،
هەندێکیان مەرگن و هەندێکیان بەردن،
دەڵێی دووسەد ساڵە دەبۆڕێنن
ماندوون پێیان زەوی ناگرێ
نا!
نامەوێ ببینم!
ئەگناتیۆ بە پەیژەدا سەردەکەوێ
قورساییی مەرگی بەسەر شانەوەیە
خۆی بەدوا بەرەبەیان دەگەڕا
کە بەرەبەیان هەر نەبوو.
لە دوو خەیاڵی بەبڕوای دەگەڕا
خەون سەری لێ دەشێواند
لە دوو لەشی جوانی دەگەڕا
تووشی خوێنی رژاوی هات.
پێم مەڵێن ببینم!
نامەوێ تەقینەوە ببیستم

* چێڵ: مانگا.

که به کزی دوایی بێ،
ئەو تەقینەوەیەی پلەکانی مەیدانی یاریی
ڕۆشن دەکاتەوە و بەسەر تیسکە لۆکە و پێستی
خەڵکانی پڕ تاودا وەردەگەڕێ
ئەوە کێیە بانگم دەکا بچمە پێشەوە!
پێم مەڵێن وەرە بیبینە!
که هەردوو قۆچی کەڵەگاکەی دیت
وا لێی نزیک دەبنەوە، چاوی نەنووقا،
کەچی دایکانی ترسێنەر
سەری خۆیان بەرز کردەوە.
لە گەوڕەکانەوە
ڕەشەبای دەنگی ئاڵۆزی گاوانەکانی
تەمومژی بێ ڕەنگ هەڵی کرد
گاگەلی ئاسمانی دەنگ دەدەن.
ئیشبیلیە میرێکی وەکو ئەوی نەناسیوە
نە شمشێرێکیش وەکو شمشێرەکەی
نە دڵێکیش وەها روون و ڕەوان.
هەروەکو رووبارێکی شێرانە هێزی
لە ڕادەبەدەری
وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕە
هۆش و ژیریی سەلاری.
هەوای ڕۆمانیی ئەندەلووسی
سەری بە ئاوزێڕ دەنەخشاند
که خەندەکەی عەنبەری زیرەکی و هۆشیاری بوو.

ئای چ زۆرانبازێکی مەزن بوو لە مەیداندا!
چ جووتیارێکی پیاوچاک بوو لە چیادا!
ئای چ ناسک بوو لەگەڵ گوڵەگەنماندا!
چەند بە تێن بوو لەگەڵ مامزەی پێدا!
چەند دڵنەوایی شەونم بوو!
چەند ڕەنگین بوو لە میهرەجاندا!
چەند تەڕدەست بوو لەگەڵ دوامین
(باندرێلا)کانی تاریکی!
کەچی ئێستا وا خەوتووە هەتا هەتا
گژوگیا و قەوزە بە پەنجەی چەسپاو
گوڵی کەللەی دەکەنەوە.
ئێستا خوێنی دەم بە بەستەی لەبەر دەڕوا:
لە زەمەند و مێرگی سەوزا بەستە دەڵێ،
لەسەر قۆچی سڕ دەخلیسکێ
لە تەمومژدا بەبێ گیان بەلادا دەچێت،
وەکو زمانێکی درێژی تاریک
لە هەزار ئاخ هەڵدەنگوێ
لە کن (گوادای گەورە)ی بە ئەستێرە ڕازاوەدا
دەریاچەی پەرۆش پێک دێنێ
ئەی دیواری سپیی ئیسپانیا!
ئەی کەڵەگای کەسەری ڕەش!
ئەی خوێنی وشکی ئەگناتیو!
ئەی بلبلی دەمارە خوێنبەرەکانی!
نا.

نامەوێ بیبینم
هیچ پەرداخێک بەو پڕ نابێ
هیچ پەرەسێلکەیەک نییە لێی بخواتەوە،
هیچ شەختەیەکی رووناکی نییە ساردی بکاتەوە،
هیچ گۆرانییەک نییە و چ باخێکی زەمەق نییە
هیچ بەللورێک نییە بە زیو رووکەشی کات
نا
نایبینم!!

٣- لاشەی راکشاو
بەرد ناوچەوانێکە خەون لەسەری دەناڵێنن
بەبێ رێچکەی پێچاوپێچ و بەبێ شادییەکی جێگیر.
بەرد شانێکە دراوەتە بەر رۆژگار
بە درەختی فرمێسک و ریشووە و ئەستێرەوە.

بارانی کەوەرەنگم دیت لەسەر شەپۆلان دەباری
باسکە رێژنە دڵنەرمەکانی بەرز دەکردەوە
تاکو ئەو پانە بەردە راگیریان نەکات
کەوا هەموو لایەک دادەگرێ بەبێ ئەوەی خوێن دەراو بێت.
چونکە بەرد تۆو و هەور و، کەللەسەری
کلاوە کورە و گورگانی شەوەکی* دەچنێتەوە،
بەڵام نە دەنگێک دەدات و نە بەللورێک و نە ئاگرێک
مەگەر هەر مەیدان و مەیدانی یاریی تری بێ حەسار

* شەوەکی: شەفەق.

ئێستا وا ئەگناتیۆی مەرد لەسەر بەرد ڕاکشاوە
ئێستا وا هەموو شتێک بڕاوەتەوە،
چ لە گۆڕێدایە؟ سەیری دەموچاوی بکە
وا مردن بە گۆگردێکی بێ ڕەنگ دای پۆشیوە.
(مینوتور)ێکی ڕەشیشی لەسەر چەسپ کردووە.
ئێستا وا هەموو شتێک دوایی هات.. باران دەچێتە ناودەمی
هەوا وەک شێت لە سنگی خنکاو دەکشێتەوە،
خۆشەویستیش، کە بە فرمێسکی بەفر تەڕ بووە،
منەی گەرمبوونەوە دەکات لەسەر گاڕانەکان.
چ بگوترێ؟ بێدەنگییەکی بۆگەن دادەمەزرێ.
ئێمە وا لە بەردەم لاشەیەکی ڕاکشاوداین
کە بەرەو نەمان بەڕێ کەوتووە.
ئەمە وێنەیەکی پاکژی وەکو بولبولان وایە
ئێمەش دەیبینین کون کون بووە و بێ بن.
کێ کفنەکەی لێ بپێچێ؟ ئەوەی دەیڵێ ڕاست نییە!
کەس بۆی نییە هورە بکات یان لە پەنادا بگری،
یان (مامزە) بژەنێ، یان مار بڕەتێنێ.
لێرە تەنیا چاوە خڕیلەکەی خۆمم دەوێ
تا ئەو لاشەیە ببینم بەبێ ئارامییەکی بە هیوا.
دەمەوێ لێرە پیاوانی دەنگ زوڵاڵ ببینم
ئەوانەی ئەسپان ڕام دەکەن و ڕووباران دەبەزێنن:
ئەو پیاوانەی پەیکەرەکانیان خرینگەخرینگ دەکەن و
بە دەمولێوێکی پڕ لە هەتاو و بەردەستی
گۆرانی دەڵێن.

دەمەوێ لە بەردەم بەرددا بیانبینم
لە بەردەم ئەم لاشە جلّەو پچڕاوەدا
دەمەوێ پێشانم بدەن ئەو کەشتیوانە
بە مردن شەتەکدراوە لە کوێ لەنگەر هەڵدەگرێ؟
دەمەوێ شیوەنێکم پێ نیشان دەن وەکو
رووبارێکی مژاویی شیرین و قەراغ کەندەلاَن
لاشەی ئەگناتیو* ببات و بیشارێتەوە
بەبێ ئەوەی بۆڕەی گای بێتە گوێ.
لاشەکەی لە مەیدانی کایەی خڕی مانگدا بشارێتەوە
کە لە هەڕەتی منداڵیدا گایەکی ئارامی خەمناک
پەنا دەدات،
لە شەوێکدا کە ماسی تێدا ناخوێنێ و
لە دارستانی دووکەڵی سپیی سەرمابردوودا دەیشارێتەوە.
نامەوێ دەموچاوی بە دەسمالاَن داپۆشن
تاکو مردنی سەرکۆڵی رابێت.
دە ئەگناتیۆ بچۆ. گوێ مەدە بۆڕەی بلّێسەدار
بنوو، بەرز هەڵچوو. ئارامگر بە: هەتا دەریا دەمرێ.

---

* جگە لەوە ئەگناتیۆ میخاس وەرزشکار و پاڵەوانی شەڕەگا بوو، نووسەر و شانۆیی و چیرۆکنووسێکی دیار و هاوڕێی نووسەران و رۆشنبیرانی ئیسپانیاش بوو.

## گیانی پێوار*

نە کەڵەگا دەتناسێت و نە دارهەنجیر
نە چارەوێ و نە مێرووی ماڵەوەت
نە منداڵ دەتناسێت و نە زەردەپەڕ
چونکە وا هەتا هەتا مردیت.

نە پشتی بەرد دەتناسێت و
نە عەبای رەش کە پێیەوە دەمریت
نە یادگاری بێدەنگیشت دەتناسێت
چونکە وا هەتا هەتا مردیت.

پایز دادێ بە خۆی و زوڕنای سەدەفی و
ترێی مژ و کەزیی گردانەوە،
بەڵام کەس ناخوازێت چاوت ببینێت
چونکە تۆ مردیت هەتا هەتایە.

چونکە تۆ مردیت هەتا هەتایە
وەکو گشت مردووانی سەر زەوی
وەکو گشت مردووە لەیادکراوەکان
لە کۆنگەلی سەگەلی خوێڕیدا.

* پێوار: نادیار (غایب).

کەس ناتناسیت. نا. بەڵام من دەتلاوێنمەوە
لاوانەوەی پاشماوەی وێنەکەی لابەلا و ئاکارت
پێگەییویی و جوامێریی ژیریت.
دڵ دانت بە مردن و چێژتنی ناودەمی.
هەروەها خەمی خۆڕسک لە رووخۆشیی قارەمانانەتدا.

رۆژانێکی زۆر تێ دەپەڕێ
تا ئەندەلووسییەکی وەها پاک
وەها دەسترۆیشتوو لە نەبەزیی سەرکەشیدا
لەدایک بێت. ئەگەر بێتو لەدایک بێت.
بۆ لاوچاکیی ئەو بە وشەی ناڵەناڵ کردوو
سەردوولکە دەخوێنمەوە.
سروەیەکی خەمناکیش لەسەر دارزەیتوونان
دێنمەوە یاد.

# دیوانی تەماریت

## هەبوونی تۆقێنەر

دەمەوێ ئاو ڕێڕەوتی خۆی ون کات
دەمەوێ با نەهێلان بزر بکات
دەمەوێ شەو چاو و
دڵم گوڵی زێڕینی خۆی بزر بکات.
دەمەوێ گاگەل لەگەڵ پەلکە گەورەکان بە شەو ڕابوێرن.
گڕەی گەرماش لە سێبەردا بمرێت.
دەمەوێ ددانی کەللەسەر بریقەیان بێت
زەردابیش بەسەر ئاوریشمدا سەرڕێژ بێت.

من وا دەبینم شەوی بریندار
دەستەویەخەی نیوەڕۆیە.
ئاوابوونی ژەهرێکی کەسک و
کەوانە تێکشکاوەکان تووش دێم
کە ڕۆژگار ئازاربارە.

بەڵام کچەکە رووتیی ڕۆشنت بە بریقە مەخە
وەکو دڕکە (صوبێر)ێکی رەشی ناو قامیشەڵان

لێم گەڕێ با لە ترسدا بم لە ئەستێرە نەزانراوەکان
کەمەرە شلەکەی خۆتم پێ نیشان مەدە.

## مردنی ڕەش

دەمەوێ بخەوم خەوی سێوان،
دوور کەومەوە لە ژاوەژاوی گۆڕستانان.
دەمەوێ بخەوم خەوی ئەو منداڵەی
ویستی دڵی خۆی لەسەر دەریای بەشڵپ و هووڕ هەڵبکەنێ.
نامەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە مردووان
خوێن کەم ناکەن،
چونکە دەمی نەما و هەر داوای ئاو دەکات
نامەوێ بزانم نە گیا و
نە مانگ چ ئازارێک دەدەنە دەمی مارێکی
پێش بەرەبەیان کار بکات.

دەمەوێ چرکە ساتێک بنووم،
چرکەیەک، خولەکێک، سەدەیەک،
بە مەرجێک گشت ئەوە بزانن کە من نەمردووم و
من لەسەر لێوی کۆزێکی* زێڕم،
هەروەها من هاوڕێ بچووکی بای ڕۆژاوام،
هەروەها من سێبەری داکشاوی فرمێسکەکانی خۆمم.

---

* کۆز: لانەی بەرخەڵان.

لە بەرەبەیان بە تارایەک دام پۆشە
چونکە گۆلێک* مێروو بەسەرمدا دەپژێ،
سۆلەکەم بە ئاوێکی پتەو تەڕ بکە
بۆ ئەوەی دوو چزووەکەی دووپشک
بەسەریدا هەڵخلیسکێن.

چونکە دەمەوێ بخەوم خەوی سێوان
تا فێرە گریانێک بم لە زەوی پاکم بکاتەوە
چونکە دەمەوێ لەگەڵ ئەو منداڵە خەمناکە بژیم
کە ویستی دڵەکەی لەسەر دەریای
بەشڵپ و هووڕ هەڵبکەنێ.

* گۆلم: گویل، مشت.

## هەڵاتن

ئای چەند نەفسی خۆم لە دەریادا ون کردووە
گوێشم پڕ لە گوڵی گەشە
زمانیشم نوقمی ئەڤین و کەسەرە.
ئای چەند نەفسی خۆم لە دەریادا ون کردووە،
هەروەکو چۆن لەناو دڵی هەندێ منداڵدا ونم کرد.

هەچ کەس، کە دڵی خۆی پێشکەش دەکات،
هەست بە خەندەی خەڵکی بەبێ روخسار ناکات.
کەسیش، کە دەستی لە نەوزادێک بکەوێ
کەللەسەری وشکی ئەسپان لە بیر دەکات

چونکە گوڵان لە ناوچەوانانیدا
لە دیمەنی سەختی ئێسکەکان دەگەڕێن و
دەستی مرۆڤ هیچ ئامانجێکی نییە
مەگەر هاوشێوەی رەگانی ژێر زەوی کار بکات.

هەروەکو چۆن خۆم لەناو دڵی هەندێک منداڵدا ون کرد
ئای چەند لە دەریاشدا ونم کردووە.
دەڕۆم و، لە ئاو نازانم،
بە شوێن مردنێکدا دەگەڕێم رۆشناییەکەی لەناوم ببات.

## به ئاو بریندار

دەمەوێ دابەزمە ناو بیرەوە،
دەمەوێ بچمە سەر شوورەکانی غەرناتە
تاکو دڵی بە دەرزیی ژەنگاویی ئاو بریندار ببینم.

منداڵی بریندار دەناڵێ
تاجێک بەفری لەسەر سەرە.
گۆماو، ئەستێڵ و کانیاوان
شیریان لە رووی (با) هەڵکێشا
هاوار! چ هەڵمەتێکی خۆشەویستی،
چ رادەیەکی بریندارکەر!
کام نزای شەوانە، کام مردنی سپی
کام چۆلستانی رۆشنایی
لە لمی بەربەیاندا نوقم دەبن!
منداڵەکە تەنیا بوو
شاری خەوتوو لەناو گەروویدا
کانییەک خەون دەیخاتە قووڵەقووڵ
لە برسییەتیی گیاکانی دەریا دەیپارێزێ.
منداڵەکە و خەمی خۆی ڕووبەڕووی یەک بوون
منداڵەکە لەسەر زەوی راکشا و خەم دای پۆشی.

دەمەوێ دابەزمە ناو بیرەکەوە،
دەمەوێ بمرم مردنم چۆڕچۆڕ بێت،
دەمەوێ دڵم بە قەوزە تژی بکەم
تاکو برینداریەکەی ئاو ببینم.

## هەڵبەستی گریان

باڵکۆنی خۆم داخست
چونکە حەز ناکەم گوێم لە گریان بێت،
بەڵام لەدوا دیوارە کەوەرەنگەکان
گوێت لە هیچ نابێ مەگەر گریان.
فریشتە گۆرانیبێژەکان ئای چەند کەمن!
سەگە دەم بە وەڕەو حەپە چەند کەمن!
هەزار کەمانچە لەناو لەپی دەستمدا دەلەرزن.

کەچی گریان سەگێکی گەورەیە
گریان فریشتەیەکی گەورەیە
گریان کەمانچەیەکی گەورەیە،
فرمێسک رووی (با) دەپۆشێ و
بێجگە لە گریان هیچ شتێک نابیەین.

## هەڵبەستی ژنەی ڕاکشاو

بینینت بە رووتی بیرهێنانەوەی زەوییە.
زەویی لووسی بێ چارەوێ.
زەویی بێ قامیش شێوەیەکی روونە
بە رووی دوارۆژدا خڕ داخراوە: ئاسۆیەکە لە زیو.

بینینت بە رووتی پێزانینی دڵەڕاوکێی
بارانە لە گەڕانیدا بە دوای کەمەرێکی تەنگدا
یان هەواری دەریای روخسارێکی گەش
کە پرشنگی کوڵمەی دیار ناکەوێت.

خوێن لەسەر سەرینان فیشکە دەکات و
بە شمشێری گڕدارەوە دێت
بەڵام تۆ نازانی دڵی بۆق یان بنەوشە
لە کوێ مت بووە.
زگی تۆ تێکئالاویی رەگانە
لێویشت بەرەبەیانێکی بێ سنوورە
لەژێر باخچەی ساردی گوڵدا
مردووان دەناڵێنن چاوەڕێی نۆبەتی خۆیان دەکەن.

## هەڵبەستی گوڵەکە

گوڵەکە
لە بەرەبەیانی نەپرسی:
کە هاکا لەسەر چڵەکەیەوە جێگیر دەبێت،
لە شتێکی دیکەی پرسی.

گوڵەکە
نە لە زانین یان لە سێبەری نەپرسی
کە هەردووکیان تخووبێکن لە لەش و خەون
لە شتێکی دیی پرسی.

گوڵەکە
لە گوڵی نەپرسی
کەوا لە ئاسماندا چەسپە
لە شتێکی دیکەی پرسی.

## هەڵبەستی کۆترە رەشەکان

لەسەر لک و پۆپی دار (رەند)*
دوو کۆترەباریکەی رەشم دیت
یەکیان هەتاو بوو
ئەوی دیش مانگ
هەردوو دراوسێ بچکۆلەکەم بوون.
گوتم: کوا گۆڕی من؟
– لەسەر کلکی منە. هەتاو گوتی
– لە گەروومدایە. مانگ گوتی.
خۆ من بەڕێوە بووم
زەوی دەوری دابووم
دوو بازی لە بەفر و
کچێکی رووتم دیت
هەریەکەیان ئەوی دی بوو
کچەکەش هیچ کامێک نەبوو.
گوتم: ئەی دوو بازە بچکۆلەکان
ئەرێ گۆڕی من لە کوێیە؟
لەسەر کلکی منە هەتاو گوتی
لە گەرووی مندایە مانگ گوتی.

---

* رەند: قاج (الغار) جۆرە دارێکە.

لەسەر لک و پۆپی داری رەند
دوو کۆترە باریکەی رووتم دیت
هەریەکەیان ئەوی دی بوو
هەردووکیانیش هیچ کام نەبوون.

## هەر گۆرانییەک

هەر گۆرانییەک
سرەوتی
خۆشەویستییە.

هەر ئەستێرەیەک
سرەوتی
رۆژگار و کاتە.
گرێی
رۆژگار و کاتە.

هەر ئاخ هەڵکێشانێک
سرەوتی
هاوارە.

تێبینی:

لە عەرەبییەوە، لە کتێبی (مختارات من شعر لورکا)ی تەرجەمەی عدنان بغجاتی - پەخشی (وزارة الثقافة والأرشاد القومي - سورية سلسلة روائع الأدب الغربي) کراوە بە کوردی. لەگەڵ چەند دەقی عەرەبیی تریشدا بەراورد کراوە.

## پێڕست


رۆڵەی گەل و جوانەمەرگی ئازادی ........ 5

لۆرکا و جیهانی شیعری لۆرکا ........ 12

**کتێبی هەڵبەستان** ........ 27

گۆرانیی گۆڕەپانە بچکۆلەکە ........ 29

گۆرانیی رۆژێکی تەمووز ........ 33

گۆرانیی ئاوی دەریا ........ 37

خەون ........ 39

چەند گۆرانییەکی نوێ ........ 40

ئارەزوویەک ........ 42

**هەڵبەستی گۆرانییە قووڵەکە** ........ 45

گۆرانیی سێ رووبارەکە ........ 47

دیمەنێک ........ 49

گیتار ........ 50

گوندێک ........ 52

هەنگاوێک ........ 53

گەشتێک ........ 54

لۆلا ........ 55

مالاگینیا ........ 57

**گۆرانی** ........ 59

گۆرانیی سوارچاکێک ١٨٦٠ ........ 61

گۆرانیی سوارچاک 63
بەڕاست 64
گۆرانییەک 65
سیرینیاتا 67
مندالّی لالّ 68
خۆکوشتن 69
مالاّوا 79
غەرناتە و ١٨٥٠ 72
گۆرانیی دارپرتەقالّی وشک 73

**بەیتە قەرەجییەکان** 75
چیرۆکی مانگ، هۆ مانگ 77
دەستەویەخە 79
چیرۆکی خەو ڕۆیەک 81
ژنەی ناپاک 86
چیرۆکی خەمی ڕەش 89
سان گابرایێل 92
دەستگیرکردنی ئەنتونیو 96
کوژرانی ئەنتونیو 99
بەیتی پاسەوانی میللیی ئیسپانی 102
تەمارا و ئەمنون 108

**شاعیرێک لە نیویۆرک** 113
بەرەبەیان 115
* هەڵبەستێکی دوولانە بۆ گۆمی عەدەن 117
هەڵبەستێک بۆ وولت ویتمان 120
هەڵبەستێکی بچووکی بێ دوایی 128

شیوەنی ئەگناتیۆ میخیاس ........ 130
گیانی پێوار ........ 139

**دیوانی تەماریت** ........ 141
هەبوونی تۆقێنەر ........ 143
مردنی رەش ........ 144
هەڵاتن ........ 146
بە ئاو بریندار ........ 147
هەڵبەستی گریان ........ 149
هەڵبەستی ژنەی راکشاو ........ 150
هەڵبەستی گوڵەکە ........ 151
هەڵبەستی کۆترە رەشەکان ........ 152
هەر گۆرانییەک ........ 154